# پێرست


فیمینیزمەکان و ئێمە لە پەراوێزدا بەشی یەک ٢

ژنان و چالاکی مەدەنی ٧

چاخێکی نوێی ژنایەتی و پێشمەرگایەتی ٩

ئەرک و خەباتی ژن بۆ رزگاری نەتەوەیی ١١

توندوتیژی لە چوارچێوەی ماڵدا ١٣

باوەرە خورافییەکان ١٦

بە بۆنەی روداوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا ٢٠

چۆنیەتی سەرهەڵدانی وەرزش لە ئاستی جیهاندا ٢٢

دیمانە ٢٥

زانستی ٣٠

پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ٣٢



دەستەی بەرێوبوری ؛

عیسمەت نستانی، ،شاناز کاکە ئازمر، موژگان عەلیپوور

هاوکاران؛ پێداچوونەوە:

سروشت موساپوور نەسرین حەداد


## ژنان

وەرزانەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبیە





دیزاینی بەرگ:

ئەیوب شەهابی راد

دیزاینی ناوەوە:

موژگان عەلیپوور



ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی:

yaketi.jinan.demokrati.kurdist@gmail.com

# فێمینیزمەکان و ئێمە لە پەراوێزدا

هۆزان محمود

فێمینیست بون وە یان تەنانەت باسکردن لە فێمینیزم هیچ کات کارێکی ئاسان نەبوە. پرسی ژن و چەوسانەوە و پەراوێزخستنی پرسێکە کە سەردەمانێکە دیبەیتی گەورەیلەسەرە. تەنانەت زۆرجار بۆتە جێگای موزایەدەی سیاسی پارت و لایەنەکان وە یان دەوڵەتە نەتەوەی یەکان. موزایەدەبە «ئازادکردن» یان ژێردەستەکردنی ژن و بەڕوتکردنەوە یان داپۆشینی ژن، بەوەی کە ئەم حیزب دەڵێ من زۆرترم بۆ پرسی ژن کرد لەو حیزبی تر.وە ئەم دەسەلات دەڵێ ژنانی ئێمە بە مۆرال تن لە دژی ژنی ئەوانی تر، یان بۆ نمونە خۆرئاوایی یەکان دەڵین ژنانی ئێمە پێشکەوتوترن لەوانی تر.. وە تەنانەت کاتێک ئەمریکا هێرشی جەنگی بەدەستەوە بوو بۆ سەر ئەفغانستان، جۆرج بوشی باوک پرسی ژنی بەکار هێنا. ئەمەی کردە یەکێک لە بیانوەکان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی و بیانوی ئەوەی ژنان قوربانی دەستی تالیبانن و بەس ئەمریکا دەتوانێت فریاد ڕەسیان بیت. ئیدی لەم پرۆسانەدا ئەوەی خاوەنی ڕاوبۆچۆن و دەنگ نی یە ژن خۆیەتی.

پرسیاری گەورەی فێمینیستەکان لەسەر پلەدوی ژن و ڕۆلە جێندەری یە دروستکراواکانەلە کۆمەڵگادا. بە بنەمای فیکری جیاواز و بەرژەوەندی جیاوازەوە ئەوان توانیویانە لانی کەم کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا شیبکەنەوە. لانی کەم خاوەنی زیاد لە سەد ساڵ کار و لێکۆڵینەوە و خەبات لە دژی نۆرمە باوەکان و پلەدووی و ژێردەستەیی ژنان بن.دیباتە فیکری و سیاسی و زانستی یەکان لە ئاستێکی گلۆبالدا بەردەوامن و ئێمە لیی بێ بەشین.. بەڵام ئایا ئێمە (ژنی کورد) بۆ لە پەراوێزداین؟ هەوڵ دەدەم وەڵام بەم پرسیارە بدەمەوە لە کۆتایی ئەم وتارەمدا.

سەرەتا پێناسەی فێمینیزم بە گشتی و شەپۆلە جیاوازەکان و کورتەیەک لەسەر بنەما فیکری یەکانی فێمینیزم باس دەکەم. وە لێرەوە هەوڵ



دەدەم بچمە ناو باسکردنی گرنگی هۆشیاری فێمینیستی بۆ تاکی کورد. بە گرنگی دەزانم ئەوە بلێم کە فێمینیزم وەک بزوتنەوە، فیکر، تێرم و تیۆرە لە غەربەوە سەری هەڵداوە.ئەوەی کە فێمینیستەکان کاری یان لەسەر تێگەیشتنی کردوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە جیاکاری جێندەری یە، چەوسانەوەی ژن بەهۆی ژن بونی یەوە. وە پێ یان وایە کە ئەمە مەسەلەیەکی تایبەت بە تاک نی یە بە تەنها، بەڵکو تەنراوە لەگەڵ سترەکتورە کۆمەڵایەتی و سیستمی سیاسیەکاندا. وە جیاکاری و نەبونی یەکسانی بەدی دەکەن لە ڕێکخستنی هاوسەرگیری، خانەوادە، منداڵداری، بازاڕی کار، سیاسەت ، ئابوری ،دین وە هونەر و بەرهەمە کولتوری یەکان. وە باوەڕیان وەهایە کە تەنانەت زمانی ئاخاوتن، دروستکەری جیاکاری یە و بەرهەم هێنەری تێرم و ئاخاوتنی دژە ژنە. هەر بۆیەش ڕێگا چارە بۆ یەکسانی مرۆڤەکان بەتایبەت هارمۆنایز کردنی پەیوەندی نیوان ژن و

پیاو پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە نەک وەڵامی تاک.

لێرەوە دەتوانین بڵێین فێمینیزم پێک هاتوە لە بزوتنەوە و ئایدیۆلۆژی جیاواز کە هەوڵی پێناسە کردن وە داکۆکی کردن لە مافی ژن دەدات. تیۆری فێمینیستی کە دەرئەنجامی ئەم بزوتنەوە فێمینیستیانەیە هەوڵی ئەوە دەدات کە تێ بگات لە سروشتی نایەکسانی جێندەری و ڕەگ و ڕیشەو چارەسەریشی بۆ دەستنیشان بکات. ئەویش لە ڕێگای پرسیار خستنە سەر ڕۆڵە کۆمەڵایەتی یەکانی ژنان، وە ئەزمونە جیاکانی چەسانەوە ی ژنان. وە لە چەندین بواردا تیۆری گرنگیان بەرهەم هێناوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن بۆ وەڵام دانەوە و تێگەیشتن لەو ڕۆڵە جێندەری یە داسەپاوو دروستکراوانە.

ئەوەی لە نوسینی فێمینیستەکاندا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە تا ئێستاش زۆر لەسەر ئەوە کۆک نین کە مێژوی سەرهەڵدانی فێمینیزم لە کەیەوە بوە. هەندێکیان دەی گەڕێننەوە بۆ سەدەی حەڤدە و بەڵام زۆرێکیان دەڵێن لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە، لە کات و شوێنی جیاوازدا ژنان کارو چالاکی و بەرهەمی فیکریی خۆیان هەبوە. ئارگیومێنتێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی لە کەی و کوێوە سەریهەڵداوە یان کامە بزوتنەوە و چالاکی ژنان وەکو فێمینیزم پۆلێن بکرێ.

ئەم دیبەیتە بۆ زۆربەی کۆنتێکستەکان دەتوانێت ڕاست بێت، هەروەک چۆن لە کوردستان تا ئێستاش فێمینیزم وەکوو مەدرەسەیەکی فیکری یان تیۆری ڕەگ و ڕیشەی خۆی دانەکوتاوە بە تەواوی. بەهەمان شێوە بە ئاسانی ناتوانین ئەو کۆمەڵە چالاکی یەی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان وەک فێمینیزمپۆلێن بکەین... ئەوەی دیارە پرسی ژن پرسێکی گلۆبالە و بەڵام بەتایبەتمەندی لۆکالی خۆیەوە. فێمینیستەکان لە خۆرئاوادا توانیویانەلە بواری فیکر و تیۆر و زانست و دەرکەوتن وەکوو بزوتنەوەیەکی سیاسی بە سێ شەپۆلی جیاوازدا تێپەڕن. وە تەنانەت هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و کاری مەیدانی و فیکری و تیۆری تازە بەرهەم بێنن.،بەڵام هێشتا ئێمە لە کوردستان ئەمەمان بۆ نەکراوە.لێرەدا بە باشی دەزانم بچمە سەر باسکردنی ئەو دیباتانەی لەسەر پێناسە و سەرهەڵدانی فێمینیزم لە خۆرئاوادا هەیە و دواتر بێمەوە سەر شیکردنەوەی کەموکوڕی و پەراوێزبونی خۆمان لەم ڕەوتە فیکری و تیۆریانەدا وە ئەو دیباتانەی کە لەدونیای ئەمڕۆدا هەیە لەسەر فێمینیزم و جێندەر.

کەسانی شارەزا و مێژونوسان لە خۆرئاوادا لەسەر بەکارهێنانی وشەی فێمینیزم بۆ پێناسە کردنی بزوتنەوە و چالاکی ژنان ڕای جیاوازیان هەبوە. بۆ نمونە هەندێک لە مێژوو نوسە فێمینیستەکان بۆچونیان وایە کە ئەم تێرمە واتە فێمینیزم هەموو ئەو بزوتنەوە و چالاکی یانەی ژنان بگرێتەوە کە بۆ باشترکردنی پێگەو ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا هەبوە، ئەگەر چی هەندێکیشیان بە خۆیان نەوتوە فێمینیست. هەندێکی تر لە مێژونوسە فێمینیستەکان پێ یان باشە بەم ڕەوتە بوترێ( پڕۆتۆ فێمینسیت)– واتە ئەوانەی کە بەر لە فێمینیزمی هاوچەرخ لە مەیداندا بون واتە مەیلەو فێمینیستین.

دیارە هەندێکی تر لە مێژوو نوسەکان تێرمی فێمینیزم بۆ بزوتنەوەی فێمینیزمی هاوچەرخ بەکار دەهێنن لە خۆرئاوادا. کە ئەمەش بێ ڕەخنە نی یە، چونکە ئەوکاتە ئیرۆسێنتریک دەبێت و ئەزمونی ژنانی دەرەوەی خۆرئاوا ناگرێتە خۆ..

لە ڕاستیدا تێرمی فێمینیزم هەر لەسەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی یەوە فۆبیایەکی بێ وێنەی دروست کردوە تەنانەت لە نێو ژنان خۆیشیاندا. یەکەم جار ئەم تێرمە لە هۆڵەندا و فەرەنسا بەکار هێنرا لە ساڵی ١٨٧٢، دوای ئەوەی ژنانی ئەوێ هاتنە مەیدان و کارو چالاکی یان ئەنجام دەدا لە ژێر ئەم ناوەدا. دواتر لە بەریتانیالە ساڵی ١٨٩٠و ئەمریکا ١٩١٠دواتریش لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا..

ئەگەر بە کورتی سەیری مێژوی خۆرئاوا بکەین دەبینین کە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی داتێپەڕیوە. وە ئەم پرۆسانە گۆڕانکاری زۆری بەسەر پەیوەندیەکانی جێندەردا

هێناوه. هەر لە کاتی کەشفکردنی «دونیای تازە« و ، سیستمی کۆیلە داری، کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و کۆنسێپتی وەکو «نەژاد» و دروست کردنی «خۆرئاوا» لە ئاست ئەوانی تردا. هەروەها دروستبونی دەوڵەتی نەتەوە و مۆدێرنیتە و «سپی بون» وەک سەروەی لە دژی ئەوانی تر و پرۆسەی هۆلۆکاست و دەیان پرۆژەی تری خۆرئاوایی کە زۆرێکیان خوێناوی و سەرکوتگەرانە بون. شایەنی باسە ئەم گۆڕانکاری یانە بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و تیۆری دژ بە خۆی بەرهەم هێنا. دیارە گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندی یەکانی جێندەر و ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا بەرهەم هێناوە.

سەرەڕای گەشەی زانستی و فیکری و فەلسەفی لە چاخی عەقلانیەتدا کە کۆمەڵێک موقەدەساتی خستە ژێر پرسیارەوە لەوانە سەروەری دین و کلێسا. وە بە دوای ئەوەشدا کۆمەڵێک دیبەیت لەسەر مافی تاک، ئازدی، وە عەدالەتی کۆمەڵاتی و برایەتی و یەکسانی و کۆمەڵێک کۆنسێپتی تر. بەڵام لە ناوەڕۆکدا ژنان وەکوو موڵکی پیاو مامەڵەدەکران. بۆ نمونە فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک کە بە باوکی لیبرالیزمی کلاسیک ناوزەد دەکرێ کۆنسێپتی ئازادی و مافێک کە ئەو باسی لێوە دەکرد ژنی نەدەگرتە خۆی. لای جۆن لۆک بۆ نمونە پیاو نوێنەری خانەوادە بوو وە ئەو بۆی هەبوو بە نوێنەرایەتی ژن قسە بکات. ئەوەشمان بیرنەچێت، کەزۆرێک لە پیاوە ڕۆشنگەرەکانی ئەو سەردەمە دانیان بە ماف وئازادی ژناندا نەدەنا. بۆ نمونە (جان جاک ڕۆسۆ) فەیلەسوفی فەڕەنسی سەرەڕای بانگەشەی بۆ ئازادی مرۆڤ، بەڵام ئەو ئازادی یەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد ژنی نەدەگرتەوە. وە لەبارەی خوێندەواری ژنەوە دەڵێت ( ژن پێویستە خوێندەوار/پەروەردە بکرێت تەنها بۆ چێژی پیاو). هەروەها نوسەر و فەیلەسوفی بەریتانی خاتوو (ماری ویڵستۆنکرافت) کەبانگەشەی خوێندنی بۆ ژنان دەکرد، ڕەخنەی توند لەم بیرکردنەوەیەی ڕاسۆ دەگرێت. وە لە بەرامبەردا خوازیاری خوێندن و ئازادی و کۆمەڵێک مافی تردەبێت بۆ ژنان. هەربۆیەش نوسینەکانی ئەم خانمە وەک بنەمایەک بۆ شەپۆلی یەکەمی فێمینیستی دادەنرێت لە بەریتانیا...

گرنگی ڕەخنەگرتنی خانمێکی وەک ماری ولستۆنکرافت لەوەدایە کە چالێنجی فەیلەسوفێکی گەورەی واک ڕاسۆ دەکات. وە تێزەکانی لەمەڕ ئازادی مرۆڤەوە دەهێنێتە ژێر پرسیار. ئەمە جۆرێکە لە هۆشیاربونی ژنان بە ماف و ئازادی یەکانی خۆیان و پێگەو قودوسیەتی پیاو لە خانەوادە وکۆمەڵگادا دێنێتە ژێر پرسیار تەنانەت لە بەرهەم هێنانی فیکر و فەلسەفە و زانستیشدا.

ئەوەی بزوتنەوەی فێمینیستی هێنایە بوون ئەو چەوسانەوەیە بوو کە لە دژی ژنان ئەنجام دەدرا. وە جیاکاری یەکی جێندەری کە لە نێوان گوتاری سروشت لە بەرامبەر کولتور (Nature versus cultur) فۆرمولە کراوبوو. بەوەی کە ژن لە ڕوانگەی بایەلۆجی یەوە لاوازە و منداڵ بەرهەم دێنی وعاتیفی یە شوێنی ئەو ناوماڵە. وە پیاو بەهێزە و خاوەن عەقڵە و ڕاشیوناڵە و دروستکەری کولتورە. واتە ژن گرێ بدرێت بە فەزای تایبەتی و پیاویش بۆ فەزای گشتی. گۆڕانکاری یە یەک لەدوا یەکەکان لە خۆرئاواداو، بونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنی یە جیاکان ئەم ڕۆڵە ترادیشناڵ و داسەپاوانەیان هێنایە ژێر پرسیار، چیدی ئەم ئارگیومێنتە هێندە زاڵ نی یە.

بۆ نمونە گەشەکردنی پیشەسازی بووە هۆی ڕاکێشانی ژنان بەلێشاو بۆ ناو کارگەکان. چینێکی ژنانی کرێکاری هەژاری دروستکرد، سەرەڕای کاری زۆر و هەقدەستی کەم. لە ماڵەوەش چەوسانەوە و ئەرکی پیاو ومنداڵ بەخێوکردن وتوندوتیژی بەشیان بووە. دیارە ژنانێک کە لە چینی باڵا بوون، ئەوانیش دیسان بە شێوەیەکی تر مافەکانیان لێ زەوتکرابوو، وە دانپێدانراو نەبووە، بۆ نمونە مافی میراتگیری وتاپۆی خانووبەرە ومنداڵ بەناویانەوە نەبوو. دیارە ئاین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەملکەچکردنی ژنان بە پلەدووی لە کۆمەڵگەدا و ڕێگریان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا. لەبەرئەوە



ژنان لە زۆر شیوازی جیاوازدا کەوتنە تەعبیرکردن لەژێردەستەیی و بێ مافی خۆیان.سەرەتایەکی گرنگ بۆ خەباتی ژنان لە نیو ژنانی کرێکارەوە دەستی پێ کرد، کاتێک کە ژنانی کرێکار لە ئەمریکا دەستیان دایە مانگرتن لە دژی خراپی بارودۆخی کارکردنیان. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ژنانی سۆسیالیست و چالاک توانیان ژنانی ناڕازی کرێکار ڕێکبخەن لە ژێر کۆمەڵێک داواکاریدا. دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ش وەکوو سەرەتایەکی گرنگ هەژمار دەکرێ کە ژنان تیایدا هەم ڕۆڵی گرنگ و ڕابەری یان هەبوو وە هەم مافەکانیان بەڕەسمی ناسرا. بەڵام هاتنە سەرکاری ستالین و لیدان لە کۆمەڵێک ماف و جێگیربونی کاپیتالیزمی دەوڵەتی و دیکاتۆریەت پاشەکشەی بە ڕۆڵی ژنان و مافەکانیان کرد.

مێژوی فێمینیزمی هاوچەرخ دەکرێ دابەش بکرێ بەسەر سێ شەپۆلدا:

فێمینیزم وەک بزوتنەوە و وەک ڕەوتی فیکیری و سیاسی پشت بەستووبوە بە چەند قوتابخانەی فیکری و ئایدیۆلۆژی یەوە. ئەوان لیبراڵ فێمینیزم، مارکسیست فێمینیزم، سۆسیالیست فێمینیزم، وە ڕادیکاڵ فێمینیزم و دواتریش پۆست مۆدێرن فێمینیزم بوون و هەندێکقوتابخانەی تر. ڕیشەو بنەما فیکری یەکانیان پشتبەستوو بوو بە فەلسەفەی سیاسەتی لیبراڵی سەدەی ١٨ و ١٩ کە بیرۆکەی مافی تاک سێنتەری ئەم قوتابخانە فیکری یە بوو. فیکری مارکسیستی و ڕەخنەی مارکس لە کاپیتالیزم و بیرۆکەی هۆشیاری چینایەتی کە لە سەدەی ١٩دا هاتە بون. هەروەها سیاسەتی دژە کۆلۆنیالیزمی سەدەی ٢٠ و بیرۆکەی گەشەکردنی نەتەوەیی بون کە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەو چالاکی و شیکاری فێمینیستی لەم دوو سەدەیەدا بەدی دەکرێن.

فێمینیزم بەسەر سێ شەپۆلی جیاوازدا دابەش دەکرێن:

شەپۆلی یەکەم: ئەم شەپۆلە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا دەرکەوت و خواستەکانی کورت کرابوەوە لە داوکاری لەمافی دەنگدان وهاولاتی بوون وکۆمەڵێک مافی سیاسی وئابووریدا خۆی دەبینیەوە.ژنانێک کەلەم

بزوتنەوەیەدا چالاک بون بەتایبەت لە بەریتانیا، دەکەوتنە بەر لێدان وزیندانیکردن وتوندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندان لەلایەن پۆلیسەوە.

شەپۆلی دوهەم: لە سەرەتای سالآنی ١٩٦٠– بۆ ١٩٨٠ کاندا هاتە بون دوای ئەوەی شەپۆلی یەکەم کورتی هێنا. شەپۆلی دوهەم فەزایەکی تری دروست کرد بۆ شیکاری و دیبەیت کردنی بێ مافی و ژێردەستەیی ژنان.

ئەم شەپۆلە فێمینیستی یە کە لەدوای جەنگی ڤێتنام وسالەکانی شەستەکانەوە سەریهەڵدا لە ئەمریکا. ژنان زۆرتر لە دژی جیاکاری جێندەری و ژێردەستەیی و جیاوازی چینایەتی وپیاوسالاری وەستانەوە.. ئەوەی گرنگ بوو لەم شەپۆلەدا ، پشت بەستن بوو بە کۆمەڵێک ئایدیۆلۆجی و فیکر و تیۆری ، زانستی کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژی ، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە. هەروەها پرس خستنە سەر سێکسیزم و جیاکاری جێندەری و نایەکسانی و دەست درێژی جنسی.

کەسایەتی ونوسەری فێمینیست (کارۆل هانیسچ) دروشمی ئەوەی «شەخسی یە سیاسی یە» یان چاکتر وایە بڵێین (ئەوەی کەسیە سیاسیە) فۆرمولە کرد، کە بەشێک لە شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەم تیۆرە. لێرەوە گرنگ بووشیکاری ژێردەستەیی ژنان بکرێت و پێیان وەهابوو نایەکسانی کولتوری و سیاسی ژنان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. ژنان هەوڵیاندەدا مافی خۆیان لەکۆنتێکستێکی سیاسیدا سەیر بکەن، پەیوەستی بکەن بەسترەکتورەکانی دەسەڵات وپیاو سالاری وسێکسیزمەوە. دەستیان بۆ زۆر پرسی گرنگ برد کە پێشتر شەپۆلی یەکەم ئەم کارەی نەکردبوو، وە تیۆریزەی ژێردەستەیی ژن و مانایاکی تریان بەخشی بە فێمینیزم.

دیارە ئەم شەپۆلەش لەگەڵ کۆمەڵێک کەم وکوڕی بەرەو ڕووبوونەوە. بۆ نمونە کەوتنە بەر ڕەخنەی ژنانی ڕەش پێست لە ئەمریکا و بەریتانیا و هەروەها ژنانی هیندی و ئەوانی تر کە گوایە فێمینیزمی خۆرئاوائەزمونەکانی ئەوانی لەبەر چاو نەگرتوە کە ئەوان دوو جار چەوساوە بوون وەک ژن و وەک ڕەش پێستیش. وە خۆیان کەوتنە تیۆریزە کردنی ئەزمونەکانی خۆیان و قوتابخانەی فێمینیزمی ڕەش یان بنیاد ناو لێرەوە کۆمەڵێک شیکاریان لەسەر ئەزمونی خۆیان کرد. وە ژنانی هیندی و بەناوباگرینیتان گایاتری سپیڤاک و هاورێکانی مەدرسەی سەب ئالترن ستەدی یان دامەزراند و وەکوو ژنانی ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوا لەسەر ئەزمونی خۆیان قسەیان دەکرد. لەدەرەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ژنانی سپی خۆرئاوا لەسەر ژنانی ئەم ناوچەیە بەرهەمیان هێنابوو وە وێنایەکی نادروستی لە ئەزمون و ژیانی ژنان نیشان بە خوێنەری خۆرئاوا دەدا.

شەپۆلی سێهەم: ئەم شەپۆلە لە سالآنی ١٩٩٠ کان دا سەری هەڵدا و ئاماژە بۆ ترێند و ڕەهەندی جیاواز دەکات لە فێمینیزمدا. ئەمە وەکو بەردەوامی وە هەروەها وەلآمێک بۆ فەشەلەکانی شەپۆلی دوهەم سەیردەکرێ.ئەمان پرسە گەورەکانیان کەمتر بۆ گرنگ بووو و زۆر گرنگیان پێنەدەدا، هەروەها کەوتنە تیۆریزەکردنی کۆمەڵێک چەمک و پرسی تر وەکو (ڕەگەز، سێکسوالیتی، مافی کەمینە ، هۆمۆسێکسوالیتی، ..هتد). دیارە ئەم شەپۆلەش چەندین ترێندی تری لەخۆ گرت. بەلآم کار و هزری فێمینیستەکانی شەپۆلی دووهەم تا ئەم ساتەش گرنگی خۆی هەیە. هەندێک لە فێمینیستەکانی ئێستا تیۆرەی ئینتەرسێکشناڵیتی یان بنیاد نا بۆ دەرباز بوون لەم کەلێنە کە فێمینیزمی پۆست مۆدێرن دروستی کردوە. بۆ نمونە بە پێی ئەم تیۆرە تازەیە ژنان دەکرێ چەوساوە بن بەدەست زۆر کێشەوە لەوانە مەسەلەی چین، جێندەر، نەژاد، وە کۆمەڵێک هۆکاری تر و ناکرێ تەنها یەک لایەنە سەیری چەوسانەوە بکرێ.

# ژنان و چالاکیی مەدەنی



نووسین:شەونم هەمزەیی

چالاکی مەدەنی یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بە ماف و داخوازیە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانە بە ڕێگەیەکی دوور لە توندوتیژی و خوێن ڕشتن.

واتە ئەو کەس و لایەنە سیاسیانەی کە باس لە خەباتی  مەدەنی دەکەن هزری ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان گرینگیدان بەم چەشنە لە خەبات و بردنە پێشی هاوکات لە گەڵ شێوازەکانی دیکەی خەباتە و زۆر کەسیش هەن کە تەنیا پشت بەم شێوازە لە خەبات دەبەستن.

ئەگەر بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە دەکرێ ئاماژە بە چەندین نموونە لە ئاستی جیهانی دا بکەین کە چەندین کەسایەتی و لایەن هەوڵیان داوە لە ڕێگای چالاکی مەدەنی بە ویست و داخوازیەکانیان بگەن کە بێگومان لەم پێوەندییەشدا ژنان ڕۆڵ و دەوری بەرچاویان هەبووە.

لە ڕۆژی ٨ی مانگی مارسی ١٨٥٧ ی زائینی ، ژنانی نیویورک خۆپیشاندانێکی گەورەیان دژی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر و کاری تاقەت پڕوکێنی ١٢ کاتژمێری و هەروەها بۆ وەدەست هێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان وە ڕێ خست و دەنگی خەباتگێرانە و پڕ خرۆشی خۆیان بە گوێی هەموو خەڵکی دونیا گەیاند. ئەگەرچی داخوازیەکانی ئەوان لەو قۆناغە دا وەدی نەهات ، بەڵام سەرەتایەک بوو کە لە بەردەوام بوونی خۆیدا ، ئەم ڕۆژە مەزنەی کردە خاڵێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ژنان لە جیهاندا .

یە کێک لە و ژنە خە باتکارانە ی کە زۆربە ی تە مە نی ژیانی بۆ خە بات لە دژی چە وساندنە وە ی ژنان و دە ستە بە رکردنی مافی یە کسانی ژنان تە رخان کرد "کلارا زێتکین" بوو، کلارا زێتکین لە یە کە مینی ئە و ژنانە بوو کە خەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یە کسانیی ژنان دە کرد.

هەروەها دەتوانین ئاماژە بکەین بە خاتوو ڕۆزا پارکسی خەڵکی شاری مۆنتگمری ولایەتی ئەلبامای ئەمریکا کە کاری بەرگدروو بوو، ڕەش پێست بوو.

خاتوو روزا لە (١٩٥٥/١٢/١) کاتێک کە سواری پاس دەبێت یەکێک لەو ژنانە بوو ملکەچی یاسای دەسەڵاتی ناوندی نەبوو، کەدەبوایە ڕەش پێستەکان ئەو کورسیانەی لەسەری دانیشتوون بۆ سپی پێستەکان چۆلی بکەن. کە بووە هۆکاری دەستگیر کردنی ڕۆزا، کە دەرئەنجامی بایکۆتی پاسەکانی لێ کەوتەوە و، چەندین چالاکیی مەدەنی لە لایەن ڕەش پێستەکان وەڕێ خرا کە یەکێک لەم چالاکیانە بڕیاریاندا کە سواری پاسەکان نەبن و بە پێیان هاتووچۆ بکەن. کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشێک لە شوفێرەکان کارەکانیان لە دەست بدەن و بەم جۆرە ململانێکی دوور لە توندوتیژی بۆ پیادەکردنی مافی مرۆڤ دەستی پێ کردو لە سالی ١٩٥٦ دادگای باڵای ئەمریکا یاسای جیاکردنەوەی ڕەش و سپی بە پێشێل کردنی دەستوور دانا.

بە ئاوڕدانەویەک لە ئێران، بە هۆی ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو ئەو دەسەڵاتانەی کە هاتوونە سەر کار، کەش و هەوایەکی ئازادانەو دیموکراتیکیان نەبووە کە کاروباری خەڵکی وڵاتەکەیان بەڕێوە ببەن.

دەسەلات هەر نارەزایەتییەکی ئاشتیخوازانەو مەدەنیی خەڵکی، بەتوندترین شێوە وەلام داوەتەوە، بەڵام خەڵکی مافخوازی ئێران هەوڵی ئەوەیان داوە بە درێژەدان بە چالاکی مەدەنی ، نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە دەسەلات بنوێنن و بتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بە کەمترین تێچووی مادی و مەعنەوی، کاریگەری زیاتر بخەنە سەر ناوەندی دەسەلات.

ئە گە ر دە هە ی ٧٠ ی هە تاوی بە قوناغێکی دە سپێک بزانین بۆ گە شە ی خە بات وچالاکیی مە دە نیانە لە ڕۆژهە لاتی کوردستان بە شێوە ی بە ربلاو و شوێندانەر، بە ئاوڕدانە وە یە کی خێرا دێتە دە ستمان کە لە چوارچێوە ی دە سە لات و سیاسە تی کۆماری ئیسلامی نیشان لە بە رزبوونە وە ی ئاستی وشیاری و ویستی کۆمە لانی خە لکی کوردە.

دوابە داوی  هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئیران، ڕێگە ی هە رچە شنە جموجوڵی

سیاسی و مه دهنی و فه رهه نگی داخرا. به لام له سه رده میکی هاتنه سەرکاری ریفۆرمخوازەکان به هاتنه ئارای که شێکی به نیسبه ت سالانی پێش خۆی کراوه تر، کۆمەڵێک ڕێکخراو و ngo ناحووکمی ئاتنه ئاراوه . که له زۆر باره وه کاریگه ریی وشوێندانەرییان له سه ر بیرو هزری کۆمه لگه دانا که چالاکانی ناوخۆی رۆژهەلاتی کورستان به باشی لەم دەرفەتە کەڵکیان وەرگرت و توانییان ئاراسته یه کی نویێ به خواست و ویستی میللی و فه رهه نگی کورد له ڕۆژهه لاتی کوردستان ببه خشن.

لەم پێوەندییەدا ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ژینگە پارێزییەکان رۆڵێکی بەرچاویان لە کاریگەری و شوێن دانان لە بیرو هزری تاکەکانی کۆمەلگادا هەبوو.

بێ گومان له م بزاڤه دا هاتنه مه یدانی کچان و ژنان له ئه وپه ڕی به ربه ستی کۆمه لایه تی وسیاسی ناکرێت نادیده بگیرێت که دەتوانین بلێین به بەشداری بەرچاویان پشکی شیریان بەرکەوت. لەگەڵ ئەوەی ژنان جگە لە کێشەی سیستماتێکی دەوڵەتی لەگەڵ چەندین کێشەی کلتوریی داخراوی کۆمەڵگا دەست و پەنجە نەرم دەکەن. بەڵام توانیان ئەوە بسەلمێنن کە گەیشتن بە ئاسۆیەکی روون بە بێ بەشداری و هاوبەشیی ژنان بەدی نایەت.

ئەمرۆکە رۆلی بەرچاوی ژنان لە چالاکیە جەماوەری و مەدەنیەکانی رۆژهەلات، لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزیێ و هتد، سەلمێنەری ئەو راستیەیە کە ژنانی کورد لە ئێراندا چیتر بە نیسبەت چارەنووس و گەیشتن بە مافەکانیان کەمتەرخەم نین و بە شێوەیەکی ئاکتیڤ لە مەیدان دان.

دەتوانین بلێین کوردستان پێشەنگی چالاکی مەدەنییە کە بێ شک هیچ یەکێک لەم چالاکیانە بێ بەشداری و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان بەڕێوە نەچووە. وەکو نموونەی هەنووکەیی دەتوانین ئاماژەیەک بکەین بە بەرخۆدانی ژنانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان کە دژی یاساکانی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە. ژنان و کچانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆرێک لە بوارەکانی ئەدەبی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و وەرزشی و جموجۆڵی خوێندکاری و بەشدارییان لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی لە ریزی هێزە سیاسییەکاندا دەرکەوتنی بەرچاویان هەیە.

لەم پێوەندییەدا ئاماژەدان بە هاتنە مەیدانی کچان و ژنانی شاری مەریوان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا جێی دڵخۆشی و هیوا هومێدە کە یەکگرتووانە و بە شێوازێکی مەدەنی و جەماوەری هاتوونە مەیدان. بۆ نموونە بەشداری بەرچاویان لە هەوڵە ژینگە پارێزییەکان، شانۆی سەر شەقام و راوەستان بەرانبەر بە فتوایەکی کۆنەپەرەستانی پێشنوێژی ئەم شارە بەرانبەر بە دووچەرخەسواریی کچان، نیشانەی چالاکبوون و لەمەیداندا بوونی ژنان و کچانی ئەم شارە هەردەم پێشەنگەیە.

کەمپەینی "سێشەممەی بێ ماشێن" لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا هەوڵێکی چالاکانی ژینگەپارێزیی مەریوان بووە بۆ رێزگرتن لە ژینگە و هەوای خاوێن. کە بەشداریی بەرینی کچان و نارەزایەتیی کچانی دوچەرخەسواری ئەم شارە کە بۆ دژایەتی بەرانبەر بە قسەکانی ئیمام جومعەی شار، دەسەلاتدارانی تورە کرد، تا دوا جار هێزە ئینتزامیەکان بەرەنگاری ئەو هەنگاوە مەدەنییە بوونەوە و پێشیان بە بەشداریی ژنان لەو کەمپەینەدا کرد.

سەبارەت بە گرینگیی چالاکی و بە شداری ژنان لە ڕێکخراوە مە دە نییە کان، دە توانین بلێین؛ هە ستانە وە ی ژنانە لە سە ر ئیرادە و ویستی خۆیان بۆ گە شە ی فە رهە نگ و هونە رو هە روە ها هێنانە سە رشە قامی داواکارییە رە واکان بە شێوە ی مە دەنیانە.

ڕێژی بە شدرایی ژنان و کچانی کورد لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهە لاتی کوردستان دڵخۆشەکەر و جێی هیواو هۆمێدە. بەلام پێویستە زیاتر لەوە خۆیان دەربخەن و بیسەلمێنن کە لە خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسین دا شان بەشانی پیاوان خۆیان بە خاوەن ئیرادەو باوەڕ بە بەختەوەری دەزانن.

# چاخێکی نوێی ژنایەتی و پێشمەرگایەتی لە کوردستاندا



نووسینی: فازڵ شەورۆ

هەرچەندە زاراوەی مرۆڤ, هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، لە سەرەتای مێژووە ئەو دووانەیە وەک دوو توخمی جیاواز و دژ بەیەک سەیر کراون و باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، جا گەرچی هێندێک لە مێژووناسان و ئەنترۆپۆلیژستەکان سەرەتای چاخەکانی مێژوو، بەسەردەمی زێڕینی ژن دادەنێن وکۆمەڵگاکان بە ناوی کۆمەڵگای دایک ناوزەد دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم خەنجەر و شمشیرو دارەدەستی پیاو، ئەو دەسەڵاتە لە ژن بە زۆری زۆردار دەستێنێتەوە وتا ئەو ساتە وەختەش لە زۆر کۆمەڵگا و کلتوردا، ئامادە نییە دەست بەرداری ئەو پایە و مەقامە نێرسالارییەی خۆی بێت.

بێگومان کۆمەڵگای کوردەواری خۆشمان لەم بۆچوون و دیاردەیە بەدەر نەبووە، بەڵام بەبێ ڕیایی و چاوبەست کردن، لە دێرینەوە ژنانی کوردەواری، بەهەوڵ و خەباتی خۆیان توانیویانە پێگەیەکی شکۆدار و جوامێرانە بۆخۆیان ساز بکەن. ئەمەش مانای ئەوە نییە، ئەو مەقام و پێگەیە بە خۆشی وئاهەنگ گێران وەدەست هاتبێ، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوان کەسایەتی خۆیان بە شێوەیەک لە مێژوودا تۆمار کردووە کە تەواو جیاوازن لەگەڵ ئەو ماف و ئەرکانەی ژنان لە کلتوورەکانی دراوسێدا هەیان بووە.

لە زۆر ناوچە و دەڤەر و هەرێمی کوردستاندا، ژن خاوەن دەسەڵاتی سەربازی و فەرمانڕەوایی دیوەخان ومەقام بووە. ڕۆژهەڵات ناسەکان پیش کوردەکان, شایەتی بۆ زیرەکی و بوێری و ئازایەتی و دەستڕەنگینی ژنی کورد دەدەن. تەنانەت ئایینەکانیش سەرەرای ئەو هەموو دەسەڵاتە ڕۆحی و ماددیەی کە هەیان بووە، نەیان توانیوە بەگشتی ژنی کورد بەم شێوە ڕا بێنن وەک خوازیار بوون، هەر بۆ نموونە لە هێچ سەردەمێکدا لە هەموو کوردستاندا ژنی لادێی عەبا و چارشێو و چارۆگە بەسەر نەبووە و هەمیشە وەک پیاو ڕەفتاری کردووە ومامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

لە سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ گۆڕانکارییە مەزنەکانی بوارەکانی ژیان وکۆمەڵگا لە ڕووی فیکری و ڕۆشەنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوورییەوە، لەگەڵ دەسپێکی سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕین وخەبات لە پیناو ئازادی وسەربەستی مرۆڤ و نیشتمان، ژنانیش بە گوێرەی کات و شوێن, ئەندامێکی کارای ئەم گۆڕانکارییانە بوون و ڕۆڵیان لە هی هاوڕێ پیاوەکان کەمتر نەبووە.

لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوان نەک هەر وەک پشتیوان و پشت وپەنا، لە تەک پیاوەکان کەوتنە کارو کۆمەک کردن، بەڵکو،هەمان ڕۆڵی پیاویان وەرگرتوە و ئەو چەکەیان کردۆتە شان کە باوک و براو هاوسەرەکانیان لە شانیان کردووە. بۆیە ژنی کورد وەک پیاوی کورد لە زیندان و بەندیخانەکانی حکومەت و ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، جەسوورانە ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە ولە هەرچوارپارچەی کوردستان، ژنی کورد لە تەنیشت باوک و برا و هاوسەرەکەی، چۆتە سەر کورسی سێدارە و مێژووی کوردایەتی پڕ سەروەریی و سەربڵندی بۆخۆیی و نەتەوەکەی تۆمار کردووە و ڕیزبەندی ناوی ژنانی شەهیدی کورد، هیچ لە ریزبەندی ناوی پیاوانی شەهیدی کورد کەمتر نییە، ئەگەر لە هێندیک شوێندا پتریش نەبێ.

ئەوەی لیرەدا دەبێ ڕۆشنایی بخرێتەسەر و جوانتر بەدیار بخرێت، نرخاندن و بەرزڕاگرتنی پێگەی ژنی کوردە لەم چاخە نوێیەدا کە تەواو جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرجەم چاخەکانی پێشووتر.ئەم سەردەمە بە زانستی تەکنۆلۆژیا و هێزی دەسەڵاتی سیاسی و وزەی هزر و مەعریفەی هاوچەرخ بەرێوە دەچێ. وەسیلە و ئامراز و چەک و تفاقی شۆڕش و خەبات و تێکۆشان گۆڕاون. خۆشبەختانە ژنی کورد زۆر بە هۆشیاریی و شارەزاییەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی سەردەم هەنگاوی ناوە و پێیان ئاشنا بووە.

ئەوەی دەیخوێنێتەوە مەدح و ستایش

وپێداهەڵگوتن نییە، بەڵکو بەراستی, وحەقیقەتی هەست پێکراوە. ژنانی کورد لە زۆربەی خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکانی وڵاتانی رۆژئاوای پێشکەوتوو، پێشەنگ و ڕابەڕن، خاوەنی بڕوانامەی باڵا وشارەزای تەکنەلۆژیا وزمانزانی باشن. ئەمانە هەمووی بەخێر و قازانجی نەتەوایەتی بۆ کوردستان و کۆمەڵگای کوردەواری دەگەڕێتەوە. تەنانەت لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا سەرەرای هەموو کۆت و پێوەند و سندم و زنجیرێک، ژنانی کورد زۆر زیرەکانە خۆیان بە تەکنۆلۆژیای سەردەم ئاشنا کردووە، وەک چۆن لە شاخ و کەژەکاندا چەک بەدەست دیفاع لە خاک و نەتەوە دەکەن، ئەوە لە ڕێگەی میدیا و ئینتەرنێت و کاری ئەدەبی هەمان شەڕ دەکەن و لە زۆربەی بوارەکانی میدیاکاری وەک ڕۆژنامە نووسی و بێژەر و هونەرمەند وچالاکوان، ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ونووسین و پەخشکردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، جێ پەنجەیان دیارە.لە کایە ئیداری و فەرمانڕەواییەکاندا وەک کارمەند و بەرپرس و کارگێرو کاربەدەست سەرکەوتووانە کارو بەرپرسایەتیی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

ژنانی کورد لە ئیمڕۆ، وەک مامۆستا و دکتوور و پەرەستار و کارمەند وئیشکەر، هاتوونەتە گۆڕەپانی خەبات, ئەوە جگە لە ئەرکە کلتووری و خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی سەر شانیان لە دایکایەتی و پەروەردە کردن و خزمەتکردنی هاوسەرو میوان و ماڵداری کردن و بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی ماڵ.

بەڕاستی ئەم چاخە نوێیەی ئەم هەزارەیە بۆ ژنی کورد، وەکو ژن و پێشمەرگە و مرۆڤ زۆر قورس و گران و دژوارە، بەڵام جوانیی و پیرۆزیی و شکۆداریی ئەو ژنانە لەوەدایە کە بۆ دۆست و دوژمن، بەبەر چاوی میدیاکانی جیهانەوە سەلماندیان کە لە نێو هەموو ژنانی دونیادا، ئیمڕۆ نووخبەیەک لەوان هەیە پێیان دەڵێن ژنانی کوردستان کە لە ژنایەتی و پێشمەرگایەتیدا، تاجی زێرینیان ناوەتە سەری خۆیان. ئەمەش بە ئارەقە و فرمێسک و خوێن و رەنج وخەباتی خۆیانە.ئەو خوێن و خەباتەی کە تەنیا وتەنیا خۆیان دەتوانن پێشکەشی وڵاتەکەیان و مرۆڤایەتی بکەن.

لێتان پیرۆز بێ چاخی نوێی ژنایەتی و پێشمەرگایەتی... ژنانی ئازاو نازداری کوردستان.



# ئەرک و خەباتی ژن بۆ ڕزگاری نەتەوەیی



نووسین:شلێرمەحموودی

قسەکردن لەسەر ژن و کێشەی ژن و هەست کردن بە ئازارەکانی ژن و باوەڕهێنان بە مافەکانی لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە یەکەمین دەروازەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی دێرینی مێژووی مرۆڤایەتی کە ئەویش مەسەلەی ژن و پێشێلکردنی مافەکانییەتی ، دەرک پێکردن و هەستکردن و داکۆکیکردنیش لە کێشەی ژن و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی مافەکانی تەنها لە ئەستۆی ژن خۆی دا نییە و بە تەنها بە هەوڵ و کۆششی ئەویش چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێت سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا لەم ئەرک و هەوڵەدا بەشداربن، ژن لە دێرینترین سەردەمەکانەوە لە کارکردن دا لەگەڵ پیاو بەشداری کردووە، لایەکی هەموو ئەو کارانەی هەڵگرتووە کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە ژیانی خێڵەکی و خێزانییەوە هەبووە و لە هەموو ناوچەکانی سەرزەوی دا ژن فاکتەرەکەیە و یەکەمینیەکانی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵیک مرۆڤ بووە، ئەگەر ڕۆڵی ژن نەبووایە لە کارکردن و ڕێکخستی کاروبارەکانی خیزان دا پیاو بەتەنها نەیدەتوانی ڕێگا وشوێنی خۆی لەسەر زەوی ببرێت یان ئاشکرای بکات. بۆ پیاوان ڕابردووترین چەک بووەو قەڵغانێک بووە لە بەهێزترین قەڵغانەکان، هاندەرێک بووە لە هاندەرە یەکەمینەکان. یەکەمین جوتیاری سەر زەوی بووە، چون ئاشکرای کردووە چۆن دانەوێڵە دەڕوێت و بەر دەدات، ئەمە لە جیهانی کۆن دا. بناغەی یەکەمینی بووە لە جیهانی نوێ دا، جێگای سەرسوڕمانیش نییە لە دۆزینەوەی ئاگر و دانانی شێوازەکانی کشتوکاڵ بوونە هۆی دامەزراندنی شارستانییەتی ئێستا، ژن بەدوای هانگاوەکانی پێشکەوتن دا ڕۆیشتووە و هاوکاتبووە لەگەڵ هەوڵ و کۆششی پیاو بۆ گەیشتن بە مەدەنییەت. ژن بە درێژایی چەندەها سەدە ئەوەندە بەدەست توندوتیژی پیاوە وە ناڵاندوویەتی کە لە ئەژمار نایەت. بۆیەکم جار ژن لە مێژوو دا بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانی خۆی بەرەنگاربوونەوەیەکی بەرفراوانی ژنانی دژی نایەکسانی و دادپەروەری دژی ژنان کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨ ی مارسی ١٨٥٧ هاتنە سەر شەقام. ژنانی کرێکار لەکارگەی ڕستن و چنین بەمەبەستی زیادکردنی نرخی زەحمەتەکانیان و کەمکردنەوەی کاتژمێری کارکردنیان، ڕێزگرتن لە کەرامەتیان لەگەڵ بەرەنگاربونەوەی توندی پۆلیس ڕوبەڕوو بوونەوە، بەڵام تێکۆشانی ژنان لەو ڕاستایەدا و هاتنەدەنگی ژنانی وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ بەفەرمی ناسینی ڕۆژی ٨ مارس لە کۆنفرانسی دووەمی ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست دا داخوازییەکانی ژنان دەچێتە قاڵبێکی ترەوە و هەم لە ئاستی جیهان دا، لەئاکام دا ئەو بەردەوام بوونەی بووە هۆی ئەوەی کە لەساڵی ١٩٧٥ دا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ٨ ی مارسی وەک ڕۆژی جیهابی ژنان دیاری کرد. دیاریکردنی ٨ ی مارس یەکێکە لە دەسکەوتە مێژووییەکانی تێکۆشانی ژنان.

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنانی کورد مێژووی دەسەڵات و ڕامان و بیرکردنەوە و زانستخوازی ژنی کورد لە ڕووی مێژوییەوە پێش ژنانی عەرەب کەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد بایەخی بە مێژووی ژن نەداوە گرانترین شت لێکۆلینەوەیە لە بارەی ژنی کورد چونکە هیچ سەرچاوەیەک دەست ناکەوێت کە پشتی پێ ببەسترێت و بمانگەیەنێت بە ڕاستییەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین لەگەڵ دروست بوونی بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و فێمینیستەکان دا بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم و دواتریش ئەوەی ژنی کورد کردوویەتی جێگای سەرسوڕمانە، لەناو نەتەوەیەک دا کە نەخوێندەواری و باری خێڵەکی و فیودالیزم باڵی بەسەردا کێشابێت و ژن بتوانێت بگات بەو ئاستە بەرزەی فەرمانڕەوایی زانست و سیاسەت، ئەو توانایەی ژنی کورد لەوکاتە دا گەڕیدە ئەوروپیەکانی ئەوەندە سەرسام کردووە کە چەندین لێکۆلینەوە و بەدواداچونیان لەسەر کردووە و بەرز نرخاندوویانە. مێژووی کورد سەدان ژنە شۆڕشگێرو خاوەن هەڵوێست و ڕوشنبیر و دانا و خوێندەواری لەخۆ گرتووە، لەوانەش عادیلەخانم، ولیەم خانی ئەردەلان، خانزادی میری سۆران ، عەپسەخانی نەقیب ... کە بەشێک لەو ژنانی دوای مردنی مێردەکانیان فەرمانڕەوایی میرنشینەکانیان گرتۆتە ئەستۆ. ژنی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی ژنانی جیهان دا خاوەن ڕێکخراوی ژنانە بووە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و لە ساڵی ١٩١٩ بۆ یەکەم جار بە پێی زانیارو سەرچاوەکانی مێژوو یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزرێنراوە، کۆمەڵێک لە هاوسەرانی پیاوانی ناودار و ڕۆشنبیرو لە بەهاری ١٩١٩ کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کوردیان دامەزراند،

ڕێکخراوێکی تر لە ڕۆژهەڵات دامەزرا ئەویش یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانە و لە ١٥ ی مارسی ساڵی ١٩٤٥ لەسەر دەستی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان وشەخسی پێشەوا قازی محمد دامەزرا. سەرەتا ئەو ڕێکخراوە بەناوی یایان دامەزراوە، یەکەم بەرپرسی خاتوو مینا قازی هاوسەری پێشەوا قازی محمد بووە. دامەزراندنی یەکیەتی ژنان بەر لە ٧٠ ساڵ و لە هەناوی کۆمەڵگایەکی پیاو سالار ژنان هەم ئیزنی خوێندن و چوون بۆ قوتابخانەیان پێدرابوو، تەنانەت ڕێگایان پێدرابوو لە ڕێگەی تەشکیلاتی تایبەت بە خۆیان گۆڕەپانی سیاسی و خەباتیان بۆ واڵا کرا، هەر ئەو ستارتەش بوو کە ئەوکات بۆ خەباتی ژنان لێدرا و پشتیوانی لێکراو ژنان توانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شکڵی جۆراوجۆردا لە مەیدان دابن. بەشێکی بەرچاو لە نەتەوەی جیهان کە ئیستا خاوەن دەوڵەت و سەروەرین لە ئاکامی قوربانی و لێبڕاوی ژنان لە پڕۆسەی خەبات و ڕزگاری دا بە ئامانج گەیشتوون. سووربوونی ژنانی ئەو نەتەوانە بریتی بووە لە ڕادانی داگیر کەر و گەڕاندنەوەی ئاو و خاکی نەتەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانی. لە مێژوو دا بە هەزاران ژنی قارەمان و شۆڕشگێر هەڵکە وتوون کە بەشێکی دیاریان لە نەتەوەی ئێمەن، لەو سەردەمەی کە ژنە سەرکردەیەک هەڵکەوتووە هەم بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی تین و گوڕی بەخۆیەوە بینیوە هەم بزاوتەکە زیاتر کەوتووەتەبەر سەرنجی گشتی. باشوری کوردستان یەکێکە لەو نموونانەی کە دەبێت هەموو ژنە کوردێک لە هەر چوار پارچەی کوردستان بارودۆخی خراپی ژنان بەر لە ڕزگاری باشووری کوردستان و ئالوگۆڕەکانی پاش حکومەتی کوردستان لە ژیانی ژن لەو بەشەی وڵاتەکامان لەبەرچاو بگیردرێت. بە سەرنجدان بە ئاستی بەرەوپێشچوونەکانی ژنان لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوریەکان ........هتد. ژنان لە خەبات و داکۆکی کردن لە پرسە نەتەوەیەکان نکۆڵی و درێغیان نەکردووە، ژنانی پێشمەرگە شان بە شانی پیاوان لەسەنگەرەکانی پاراستنی کوردستان دا گیان دەبەخشن. وەبەردەوام ئامادەی خەباتن .کردنەوەی دەیان خولی کادری وسەربازی لەلایەن حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەلگەی حاشا هەڵنەگرن لە بەشداری و بە ئەرکی خۆزانینی ژن لە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی. ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان دا هێزی تایبەت بەخۆیان هەیەو ئەو خەباتەی ئەوان دەیکەن لە هەموو ڕووەکانەوە شانی داوە لە خەبات و خۆڕاگری پیاوان لە ناوچەکەدا دژی داگیرکەرو بێگانە. پێویستە لەسەر ژنان درێژە بەو ئەرکە بدەن کە لەگەڵ پیاودا پێی هەڵساون و بەردەوامیش نوێگەری و داهێنانی تێدا بکەن. ژنان لەناو ماڵ و فەرمانگەکان دا هەمان خەبات و ئەرک جێ بەجێ دەکەن کە پیاوان پێی هەڵدەستن، ئەوەی جیاوازە و دەبینرێت تەنها لە ڕێژەی بەشداریکردنیان دایە، لە ناوەند و فەرمانگەکان دا. ناتوانین خەباتی ژنان تەنها لەوەدا کۆبکەینەوە کە لەبەرەی جەنگ دا شان بە شانی پیاو دەجەنگێت، بەڵکو پەروەردەکردنی نەوەیەکی هوشیار و تەندروست لەژێر ناوی دایکایەتی دا گەورەترین خەباتە، خۆڕاگرییەکانی ژنێک لە غیابی مێردەکەی دا پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە فرۆشتنی گیای بەهاری و کارەکەری لە ماڵ دا بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆی و منداڵەکانی دەیکات گەورەترین خەباتە، چاوەڕوانی و دانبەخۆداگرتنی ژنانی بێ سەرپەرست و پاشماوەکانی جەنگ و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورد دا هاتوون ئەگەر زیاتر نەبێت لە خەباتی چەکداری هیچی کەمتر نییە. کەوایە ژنانی کورد دەبێت خەبات لە پێناو پرس و مافە تایبەتییەکانی خۆیان گرێبدەن لە پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوونی کورد. ئەوڕۆژەی کورد وڵاتەکەی لە ژێر دەستی ڕزگاری دەبێت، ئەو ڕۆژەی دەوڵەت دەسەڵاتی نەتەوەی دادەمەزرێ و دەبێتە خاوەن سەروەری، ڕۆژی سەرەتای هاتنەدی ژنی کوردە.



# توندوتیژی له چوارچێوەی ماڵێدا



سروه فەتاحی

رەنگە بۆ زۆربەی ئێمە مەسەلەی «توندوتیژی لە چوارچێوەی ماڵێدا» جۆرێک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێ. بەڵام هەن کەسانێکیش کە تا ئێستا دەرکیان بەو باسە نەکردوە و زۆر بە ئاسانی بە پەنای دا گوزەراون. بنەماڵە وەک سەرەکیترین رێکخراوی کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ. لە بنەماڵەدا هەر ئەندامێک رۆڵی تایبەتی خۆی هەیە و وا چاوەڕوان دەکرێ کە بە باشی بەڕێوەی ببات. بە درێژایی مێژوو ئەو باسە نەوە بە نەوە هاتوە کە ئەرکی سەرشانی پیاوە کە لە بواری ئابوورییەوە بنەماڵەکەی دابین بکات و هەروەها ئەمنییەتی ماڵ و بنەماڵەکەی لە سەر شان بێ و ژنانیش ئەرکیان تێرکردنی پیاو لە بواری سێکسییەوە و کاری نێو ماڵ و منداڵداری و میوانداری بووە و منداڵەکانیش ئەرکی کارکردن و خوێندنیان لە ئەستۆیە و لە هەمانکاتیشدا لە ژێر چاوەدێری گەورەکانی ماڵێدا دەبن.

لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ئایینن و ئایین دەسەڵاتدارە یان لەو کۆمەڵگەیانەی کە مارەیی و ئەو پووڵەی کە کاتی هاوسەرگیری بە بنەماڵەی کچەکە دەردێ زیاتر پیاوسالاری بەدی دەکرێ و پیاوان وەکوو حاکمێکی دیکتاتۆر لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە هەڵسووکەوت دەکەن. پیاوان دەسەڵاتی تەواویان بە سەر ژن و منداڵەکانی خۆیان دا هەیە و هەر بۆیە کارکردن و چۆنیەتی کارکردنی ئەوان لە لایەن باوکیان بۆیان دیاری دەکرێ و بە سەریان دا دەسەپێ. لە لایەکی دیکەوە توندوتیژییەکی کە بەردەوام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەرامبەر بە ژن دەکرێ و هیچ کاتیش وەک توندوتیژی نێوی نابەن «دەستدرێژی سێکسی لە چوارچێوەی ژیانی هاوبەش دایە«، تا کاتێک کە پیاو لە بواری ئابووری و ئەمنییەتییەوە ژن دابین دەکا ئەو ژنە مافی «نا» کوتنی لە کاتی سێکس دا نیە و «دەستدرێژی سێکسی لە ژیانی هاوبەش»دا نەک تەنیا لەگەڵی ئاشنا نین بەڵکوو بە مافی خۆشیانی دەزانن کە هەر کات بیانهەوێ لەگەڵ ژنەکەیان پێوەندی سێکسیان هەبێ.

ئەو رۆڵ و ئەرکانە کە بە مافی بنەماڵە دانراوە راستەوخۆ بۆتە یاسا و مافی تاکەکان و بەشێک لە کلتوور. بۆ نموونە لە هاوسەرگیریدا لە



زۆربەی کۆمەڵگەکان مافی تەڵاق بە پیاو دراوە، واتە پیاو هەر کات کە بیهەوێ لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە یان ژنێکی دیکە دێنێتە نێو ژیانییەوە و لەو حاڵەتانەدا نە تەنیا هیچ کەس ناتوانێ بە پێشێلکەری مافی ژن ناوی ببا بەڵکوو هیچ یاسایەکیش نیە کە بەرەنگاری بێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کاتێک کە ژنەکە لە بەرانبەر ئەو کردەوەیەی دا راوەستا ئەوە نە تەنیا پشتیوانی لێ ناکرێ لە لایەن یاسا و دەوروبەرییەوە بەڵکوو بە ژنێکی باش و بەماڵدار ناوی نابەن و تاوانبارە بەوەیکە خۆی ئەو بەستێنەی خولقاندوە کە لە لایەن پیاوەوە توندوتیژی لەگەڵ بکرێ.

لە سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ی زایینی، دوای لێکۆڵێنەوە و بەدواداچوونێکی زۆر توندوتیژی بنەماڵەیی هاتە ریزی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەوڵ درا ئەو شێوە لە توندوتیژییە بچێتە چوارچێوەیەکی تایبەت بە خۆی و یاسای تایبەت بە خۆی بۆ دیاری بکرێ.  لە ئێستادا ئیتر توندوتیژی بنەماڵەیی لە زۆربەی کۆمەڵگەکان دا ناسراوە و لەگەڵ شێوەکانی کەم و زۆر ئاشنایەتییان پەیدا کردوە. ناسینی ئەو شێوە لە توندوتیژی و لە قاودانی بووە هۆکارێک کە یاساگەلێکی تایبەت بۆ ژنان و منداڵان کە قوربانیانی سەرەکی توندوتیژی بنەماڵەیین داندرێن و پشتیوانیان لێ بکرێ. چالاکانی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت لەو بوارە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە یاساکانی تایبەت لەو پێوەندییەدا جێگری یاساکانی حاکم بە سەر کۆمەڵگەکاندا بکەن، چوون پێیان وابوو ئەو یاسایانە وەڵامدەری ئەو توندوتیژیانە نین کە لە لایەن پیاوانەوە دەکرێ و هەڵاواردنی رەگەزی تێیدا روون و ئاشکرایە. چوونکە لە هەموو بوارێکدا ژنان لە لایەن پیاوانەوە دابین دەکرێن هەر بۆیە زۆربەی ژنان بۆ ئەوەیکە ئەو سەرپەنایە لە خۆیان تێک نەدەن بێدەبگی هەڵدەبژێرن و یان ئەگەر زمانیان بە سکاڵا کراوە ئەوە لە لایەن کۆمەڵگە و یاساوە تەرد دەکرێن. هەر بۆیە چالاکان هەوڵی ئەوەیان دا کە یاسای تایبەت دابندرێ کە پشتیوانی لە ژنان بکرێ لە هەموو بوارێکەوە، وەکوو (دابین کردنیان لە بواری ئابووری و سەرپەنا و ئەمنییەت و...).

یەکەمین بەڵگەیەک کە لەو پێوەندییەدا لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیمزا کرا لە ژێر ناوی (بەیاننامەی سڕینەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بوو) کە لەو بەیاننامەیەدا توندوتیژی بنەماڵەیی یەکێک لە جۆرەکانی توندوتیژی پێناسە کرا. لەو بەیاننامەیەدا زۆر بە راشکاوانە داوایان لە حکوومەتەکان کرد چەندە بەرپرسن لە بەرانبەر پاراستنی ئەمنییەتی هاووڵاتیان لە شوێنە گشتییەکان تا ئەو رادەیەش بەرپرسە لە پێکهێنانی ئەمنییەت لە نێو بنەماڵەدا. هەروەها داوایان لە دەسەڵاتداران کرد کە یاسا ئایینی و کلتووری و دواکەوتووەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگە نابێ هیچ تەداخولێکیان لەو پێوەندییەدا هەبێ، چوون هۆکاری سەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ توندەتیژی دژ بە ژنان لە کلتوور و ئایین سەرچاوە دەگرێ.

توندوتیژی لە چوارچێوەی ماڵێدا یان توندوتیژی بنەماڵەیی شێوەیەکی تایبەت لە توندوتیژی پێناسە دەکا. بکەرانی ئەو شێوە لە توندوتیژی هەلسووکەوتی تایبەت بە خۆیان هەیە و زیاتر بۆ سەرکۆنەکردن و ئازاردانی بەرامبەرەکەیان کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پیاوان بەرامبەر بە ژنان دەیکەن ئەنجام دەدرێ. تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی بنەماڵەیی جیاوازی لەگەڵ توندوتیژی رەگەزی هەیە بەڵام ئەگەر لە لایەن یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەوە توندوتیژی رەگەزی هاتە ئاراوە ئەوە دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی بنەماڵەیی، لە هەر حاڵدا تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی رەگەزی زیاترە و دەچێتە چوارچێوەیەکی بەرینترەوە.

لە هەر کۆمەڵگەیەک بە شێوەیەک توندوتیژی بنەماڵەیی پێناسە دەکرێ و لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازی هەیە. ئەگەر لە هەندێک لە کۆمەڵگەکان جیاوازی دانان لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ هەڵاواردنی رەگەزی بە ئەژمار بێ یان رێگری لە خوێندنی کچ بچێتە خانەی توندوتیژییەوە لە هەندێک لە کۆمەڵگەکان بە شێوەیەک لە سوننەت و کلتووری بنەماڵەیی بە ئەژمار دێ و زۆر بە ئاسایی سەیر دەکرێ.

هەر شێوەیەک لە توندوتیژی وەکوو (فیزیکی، دیسکۆرسی، دڵپیسی، خستنە ژێرچاوەدێری و...) دەچێتە ریزی توندوتیژی بنەماڵەیی و ئەو کەسەی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر کراوە لە لایەن یاسای مافی مرۆڤەوە پشتیوانی لێ دەکرێ. بەڵام

بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە تەنیا هیچ یاسا و ڕێسایەک بۆ ئەو شێوازە لە توندوتیژی دانەندراوە بەڵکوو بەشێکیش لە کلتووری ئەو کۆمەڵگەیە پێناسە دەکرێ. ئەگەر پیاوێک بەردەوام لە نێو کۆڕی خزمان و بنەماڵەدا زمانی زبر و گاڵتە نسبەت بە ژنەکەی بە کار بێنێ و بیشکێێتەوە ئەوە نەک تەنیا وەک توندوتیژی سەیر ناکرێ بەڵکوو ئەو پیاوە بە مافی خۆی دەزانێ کە بە هەر شێوەیەک پێی خۆش بێ لەگەڵ ژنەکەی هەڵسووکەوت بکا، وەکوو ئەو قسەیەی کە بەداخەوە بە بەردەوامی لە کۆمەڵگەی ئێمە گوێ بیستی دەبین (ژنی خۆمە چۆنم پێ خۆش بێ وای لەگەڵ هەڵسووکەوت دەکەم، ژنی منی دەبێ وا بکەی، ژنی منی چۆنم ویست تۆش دەبێ ئاوا بی و...) ئەوانە تەنیا نموونەیەکی زۆر بچووکن لە ئەو توندوتیژییانەی لە چوارچێوەیماڵێدا دەکرێ و زۆربەی هەرە زۆری بە بێدەنگی دەمێێتەوە.

زۆر جار ئەو توندوتیژییانە ئامانجێکی تایبەتی لە پشتە و بە مەبەستی ڕاگرتنی کەسی قوربانی کە دەیهەوێ کارێک ئەنجام بدا لە ڕێگای ئازار و ئەشکەنجەی جسمی یان ڕەوانییەوە دەکرێ تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگە لە ئەنجام دان یان تەتبیق دانی قوربانی لەگەڵ داخوازییەکانی ئەو کەسەی کە توندوتیژی ئەنجام دەدا دەکرێ. بکەرانی ئەو توندوتیژییانە بە هەر شێوەیەک بێ ناهێڵن کەسی قوربانی لە دەرەوەی ماڵێ داوای یارمەتی بکا. ئەویش لە زۆر ڕێگا کەڵک وەردەگرێ وەک ترساندنی لە ئابرووی، بێ متمانە کردنی بەرانبەرەکەی نسبەت بە خۆی (قوربانی)، بەستنەوەی قوربانی لە بواری ئابووری، کۆنترۆڵ کردنی هاوڕێیانی و نەچوونە دەرێی قوربانی بە بێ خۆی و...

بەداخەوە لە وڵاتانی ئێمە کە ژن زۆر لە ئابرووچوونی ترسێندراوە بەو شێوەیەی کە پێویستە ئەو توندوتیژییانە لە قاو نادرێن، بە تایبەت لە لایەن دایکانی ئێمەوە ئەو شێوازە لە توندوتیژی ئێستاش بە بێدەنگی ماوەتەوە.



# باوەرە خورافییەکان

بەشی ٢

نووسین:نارین .الف

ئێستا با بزانین باوەڕە خۆرافییەکان لە ژیانی خەڵکدا هەمیشە دەوری تێکدەرانەیان هەیە یا هێندێک جار ئەنجامی باشیشیان دەبێ؟

هێندێک جار خۆرافات و بۆچوونە خۆرافییەکان دەبن بە هۆی دڵخۆشیی خەلک، بە واتایەکی دیکە مرۆڤە خۆرافاتییەکان پێیان وایە هێزێکی غەیبی هەیە کە یارمەتیی ئەوان دەدا. ئەوە مەسەلەیەکە کە تا ئێستاش نەسەلمێندراوە و کەس ئاگای لە ڕاست بوون یان پێچەوانەی ئەم ئیدیعایە نییە، چونکی لە پشت بۆچوونی مرۆڤەکاندا، هێزێکی سەیر و سەمەرە بە شاراوەیی ماوەتەوە.

بۆ نموونە لە وانەیە تا ئێستا هەستتان بە وە کردبێ کە جلو بەرگ یان کەرستەیەکی تایبەت بەختی باشی بۆ ئێوە هێنابێ، لەم کاتە دایە کە ئێوە بە لە بەر کردنی ئەم جلوبەرگە یان هەڵگرتنی ئەم کەرستە تایبەتە، بیرۆکەی باش لەلای خۆتان دروست دەکەن و خۆتان لە نیگەرانی و دڵەراوکێ بە دوور ڕادەگرن، بەڵام با ئەوەشمان لە یاد نەچی کە هێندێک جار ئەم جۆرە بۆچوونانە دەبن بە لەمپەرێک لە بەردەم هەوڵ و هەنگاوی باش و بەجێ.

بۆچوونە خۆرافییەکان دەتوانن دەوری خراپیشیان لە ژیانی ئێمەدا هەبێ، چونکی ترس لە خۆرافات ژیان لە هێندێک کەس تاڵ دەکا و گرژییەکی زۆر بە دوای خۆیدا دێنێ، بۆ وێنە ژمارەی ١٣ کە بە ڕای هێندێک کەس ژمارەیەکی نەحس و بەدشوومە بە ڕاستی کێشەی بۆ هێندێک کەس خولقاندووە.

ئەم کەسانەی کە زیاتر هۆگری بۆچوونە خۆرافییەکان دەبن، لە بواری کەسایەتییەوە چ تایبەتمەندییەکیان هەیە؟

هەر چەند ئاستی زانیاریی خەڵک کەمتر بێ و زۆرتر بەپێی بیر و باوەڕە خۆرافییەکان هەڵسوکەوت بکەن، بە هەمان ڕاددەش پەرە سەندنی خۆرافات زیاتر دەبێ، لە بابەت تاکەکانەوە متمانە بەخۆ نەبوون و هەست بە تەنیایی کردن و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە سست بوون لە بنەما ئایینییەکاندا، وەک هۆکاری سەرەکی پەرە سەندنی خۆرافات ئەژمار دەکرێن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم کەسانەی کە زیاتر تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەبن، زۆر ئاسانتر تووشی باوەڕە خۆرافییەکان دێن بەڵام ئەم کەسانەی کە کۆنترۆڵی بۆچوون و هەستەکانی خۆیان دەکەن، بە ڕێژەیەکی کەمتر ڕوو لە خۆرافات دەکەن و هەڵسوکەوتی مەنتقیتریان بە نیسبەت ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەبێ.

بە گشتی زۆربەی ئەم کەسانەی کە پێبەندی باوەڕە خۆرافییەکان دەبن، کەسانێکن کە لە بواری کەسایەتییەوە زۆر لاوازن، بە شێوەی پێویست متمانەیان بە خۆیان نییە، بە بەردەوامی لەگەڵ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەستەو یەخەن، ئەم کەسانە کەسانێکن کە پشت بەخۆیان نابەستن و وێنایەکی باشیان لە خۆیان نییە.

ژنان زیاتر ڕوو لە خۆرافات دەکەن یان پیاوان؟

بە شێوەیەکی گشتی ژنان زیاتر لە پیاوان هۆگری بۆچوونە خۆرافییەکان دەبن، ژنەکان زیاتر تووشی دڵەراوکێ دەبن یان لانی کەم دەتوانین بڵێین هەر ژنانن کە زیاتر بە هۆی ئەم نیگەرانییانەی کە هەیانە پەنا بۆ راوێژکار و پسپۆڕی دەروونی دەبەن.

هەرچەند ئاڵوگۆڕی کەسایەتیی مرۆڤەکان دەورێکی گرینگیان لە پێک هاتنی خۆرافاتدا نییە، بەڵام بەڵگەگەلێک هەیە کە دەیسەلمێنن ئەگەر بە نیسبەت کەسانی ئاسایی زیاتر دڵەڕاوکێتان هەبێ ئەگەری ئەوە یەکجار زۆرترە کە زیاتر ڕوو لە خۆرافات بکەن.

سەرچاوەی کۆنترۆڵی دەروونی دەتوانێ هۆکارێکی گرینگ بێ بۆ خۆرافاتی بوونی مرۆڤەکان، ئەگەر لە دەروونی خۆتاندا سەرچاوەیەکی باشتان بۆ کۆنترۆڵ کردنی خۆتان هەبێ، ئەو کات باوەڕ دەکەن کە ئێوە بۆخۆتان بەرپرسی هەموو ڕووداوێکی ژیانتانن، بەم قەناعەتە دەگەن کە ئەوە بۆخۆتانن کە چارەنووسی خۆتان دیاری دەکەن و دەتوانن ببن بە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕووداوگەلێک کە بە



باشترین شێوه ڕێگەی ژیانتان بگۆڕێ، بەڵام ئەگەر سەرچاوەی کۆنترۆڵ کردن لە دەرەوەی هزری خۆتاندا بێ وا بیر دەکەنەوە کە ئەوە ڕەوتی ژیانە کە ڕووداوەکانتان بۆ هەڵدەبژێرێ و بۆخۆتان هیچ دەسهەڵاتێکتان بە سەر ژیانی خۆتاندا نییە کە ئەوەش بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە.

بەم پێیە ڕوون و ئاشکرایە ئەم کەسانەی کە سەرچاوەی کۆنترۆل کردنیان لە دەرەوەی هزری خۆیان دایە، زۆرتر لە کەسانی دیکە خۆرافاتی دەبن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم کەسانە دەیانهەوێ زیاتر بەسەر ژیانیاندا زاڵ بن.

**باوەڕە خۆرافییەکان چ کاریگەرییک لە سەر ژیانی کەسانی خۆرافاتی دادەنێن؟**

هەست بە ئەمنیەت و متمانە کردن گرینگترین سوودە کە لە ڕێگەی خۆرافاتەوە بە نسیب کەسانی خۆرافاتی بەدی دەکرێ، بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەم هەستانە هەموویان درۆن و هیچ بنەمایەکیان نییە، چونکی گرینگترین دەرەنجامی هۆگر بوون بە بۆچوونە خۆرافییەکان دەبێتە هۆی دوور بوونەوەی کەسانی خۆرافاتی لە ڕاستییەکانی ژیان.

ئەم کەسانەی کە ڕوو لە خۆرافات دەکەن، چونکی لە ئاکامدا بە هیچ نەتیجەیەک ناگەن تووشی ناهومێدی دەبن، بەڵام کێشەکە کاتێک قووڵتر دەبێتەوە کە بە هەڵکەوت یان بە هۆکاری جۆراوجۆر گرفتی ئەم کەسانە چارەسەر بکرێ، هەر ئەم بارودۆخەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کەسانە لەسەر بۆچوونە خۆرافییەکانی خۆیان سوورتر بن و زیاتر پێداگرییان لەسەر بکەن.

**کەسانی خۆرافاتی لە ژیانی هاوبەشی خۆیاندا تووشی کێشەی چۆن دەبن؟**

خۆرافاتی بوونی تاکەکان لە ژیانی هاوبەشدا دەرەنجامی خراپ و قەرەبوونەکراوی لێ دەکەوێتەوە، زۆر جار دەبینرێ یەکێک لە هاوسەرەکان کە دەزانێ شەریکی ژیانی باوەڕی بە خۆرافات هەیە، دژایەتی لەگەڵ بۆچوونەکانی دەکا، ئەم دژایەتییانە بەرەبەرە دەبن بە شەڕ و نێوان ناخۆشی و لە ئەنجامدا کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی هاوبەشی ژن و مێردەکان بە شێوەیەک کە شیرازەی ژیانیان هەڵدەتەکێنێ.

بۆ نموونە بیروڕا جیاوازەکان لە نێو بنەماڵە و بە تایبەت لە نێو هاوسەرەکاندا شتێکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام کەسێک کە بڕوای بە خۆرافات هەبێ دەسبەجێ پاش دەمەقاڵەیەکی بنەماڵەیی پەنا بۆ نووشتە و جادوو دەبا و هەوڵ دەدا لەم ڕێگەوە کێشەی خۆی چارەسەر بکا، لە حاڵێکدا کە ڕێگەچارەی باش و گونجاو ئەوەیە کە کاتێک لە هۆکاری مەسەلەیەک تێ ناگا پەنا بۆ ڕاوێژکارانی خێزان ببا و داوای یارمەتی لە پسپۆڕانی دەروونناسی یان دەروون پزیشکەکان بکا تا بە شێوەیەکی مەنتقی ڕێگە چارەیەک بۆ

گرفتی خۆی بدۆزیتەوە.
لە نێو ئەم کەسانەدا کە بۆ چارەی گرفتەکانیان ڕوو لە راوێژکارانی خێزانی دەکەن، تا چ ئاستێک شوێن پێی خۆرافات دەبیندرێ؟
زۆربەی ئەم ژن و پیاوانەی کە بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆیان ڕوو لەم ناوەندگەلە دەکەن، کەمتر شوێن پێی خۆرافات لە ژیانیاندا دەبیندرێ، بەم حاڵەش کەسانێکی وا هەیە کە سەرەرای خۆرافاتی بوون، بەڵام داوای یارمەتی لە پسپۆڕانی دەروونناسی و شارەزایانی ئەم بوارە دەکەن.
لە زۆر حاڵەتدا ئەم ژن و مێردانەی کە ڕوویان لەو ناوەندانە کردووە، هۆکاری کێشەکانی خۆیان بۆ وەبەرچاو نەگرتنی بیرۆکەکانی کۆمەڵگا گەراندۆتەوە، بۆ نموونە ڕەخنەی ئەوەیان لە یەکتر گرتووە کە گوێیان بە کات و ڕۆژی مارە برین و زەماوەند کردن نەداوە و کات و ڕۆژێکی خراپ و بەدشوومیان بۆ ئەم مەبەستە دیاری کردووە، یان بە هۆی چاوپیس بوونی یەکێک لە خزمەکانی بووک یان زاوا، چاوەزار کاری لێ کردوون و کاریگەریی خراپی لە سەر ژیانی هاوبەشیان داناوە.
هیچ هیوایەک بەم مەسەلە هەیە کە کەسانی خۆرافاتی بتوانن دەست لەم بیرۆکانە هەڵبگرن؟
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆرافاتییەکان ئەوەیە کە ئەوان بە بەردەوامی پێیان وایە ڕووداوگەلێک لە دەرەوەی ڕەوتی سرووشتیی ژیاندا دێتە پێش کە مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بە سەریاندا زاڵ بێ. لە وەها بارودۆخێکدا کەسانی خۆرافاتی هەوڵ دەدەن تەسلیمی ئەم ڕووداوانە بن و ئەم بارودۆخەش وایان لێ دەکا زیاتر پەنا بۆ بۆچوونە خۆرافییەکان ببەن.
یەکێکی دیکە لەم هۆکارانەی کە پەرە بە باوەڕە خۆرافییەکان دەدا کە وەک «دەروووونناسی بەهێزکراو» باسی دەکەن، بە واتایەکی دیکە ئەم کەسانە لە هەڵسوکەوتەکانی خۆیاندا بەهێزتر دەبن، یانی ئەگەر بیرۆکەیەکی خۆرافی لە هزری کەسێکدا پێک هاتبێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی وەبەر چاو نەگرتنی هێندێک بابەت ڕووداوگەلێکیش هاتبێتە پێشێ، هەر ئەوەندە بەسە تا مرۆڤی خۆرافاتی سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوەش بە بڕوا خۆرافییەکانییەوە ببەستێتەوە،



ئەم بارودۆخەش دەبنە هۆی پێک هاتن و بەهێز بوونی بۆچوونە خۆرافییەکان.
چونکی ئەم شێوە هەڵسوکەوتە بە جۆرێک لە تێکچوونی دەروونی و دڵەڕاوکێ دادەنرێ و بیر و هزری ئەم کەسە سەرقاڵی ئەم دیاردەیە دەبێ، بە بەردەوامی لە زەینی خۆیدا دەیهێنێ و دەیبا. لە ڕەفتاردەرمانییەکاندا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگەی بنبڕ کردنی هەستیارییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕێک وپێک هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەم کەسانە لە سەرهەڵدانی خۆرافاتدا کۆنترۆڵ بکرێ و بەرەبەرە ئاستی هەستیار بوونی ئەم کەسە بە نیسبەت خۆرافات کەم دەبێتەوە.
شێوازی نۆژەن کردنەوەی بیرۆکەکانیش میکانیزمێکی دیکەیە کە هەوڵ دەدا تاکی تووشبوو لەم مەسەلە ئاگادار بکاتەوە کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان دیاردەکانی دەرەوەی هزری خۆی و باوەڕە خۆرافییەکاندا نییە تا چی دیکە ئەم کەسە سوتفەی ڕوودانی کارێک بە بوونی خۆرافات نەبەستێتەوە و تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان نەبێ.
چۆن دەتوانن ڕێگری لە پەرە سەندنی باوەڕە خۆرافییەکان لە نێو خەڵکدا بکەن؟
پەرە سەندنی باوەڕە خۆرافییەکان لە کۆمەڵگادا بە دوو جۆر دێتە ئاراوە، سەرەتا بە هۆی هۆگرییە دەروونییەکان کە بە سەرنجدان بە بوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕووحی و دەروونیی هەر کام لە تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوان ئامادەی قبووڵ کردنی خۆرافات دەبن. لە وەها بارودۆخێکدا سەردانی ڕاوێژکاری دەروونی و تێپەڕ کردنی خولەکانی دەرمان کاریگەریی باشیان دەبێ.
جۆری دووهەم بە هۆی کەمتەرخەم بوونی ناوەندە فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگادا دێتە ئاراوە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە نە تەنیا ئەم دیاردەیە بنبڕ نەکرێ، بەڵکوو بە تێپەڕینی کات بە شێوەیەکی زۆر بەهێز لەلایەن خەڵکەوە بەهای بۆ دادەنرێ.
لەم کاتانەدا ڕاگەیەنە گشتییەکان دەتوان وەک کلیلێکی ئاڵتوونی لە هەوڵی کردنەوەی ئەم دەرگا داخراوەدا دابن و ئاستی زانست و فەرهەنگی تاکەکانی کۆمەڵگا لەم بارەوە بەرز بکەنەوە و دەورێکی گرینگ لەم مەسەلەدا بگێڕن.
لە بەشی فێرکاری و فەرهەنگسازیدا، هەرچەند ئەم فێرکارییانە لە ئاستی خوارتر دابن کاریگەری باشتریان دەبێ، بەڵام دەبێ بە زمانێکی تایبەت بە خۆیان و زۆر سادەدە و ساکار باسیان بکرێ بە مەرجێک کە ئامانجی ئەم هەوڵانە لەلای خەڵک ڕوون و ئاشکرا بێ، بۆ نموونە دەبێ پەروەردە و بارهێنان لە تەمەنی جۆراوجۆر و لە ئاستی خوێندنی جیاواز و لە چوارچێوەی کتێبە دەرسییەکاندا هەوڵی ئاگادار کردنەوەی قوتابییان بە نیسبەت خۆرافات و دەرەنجامە خراپەکانی ئەم بیرۆکە چەوتانە بدا.
لە نێو زانکۆکانیشدا بەم پێیە کە ئاستی بیر کردنەوەی خوێندکاران بەرزترە، لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکان لایەنە خراپەکانی خۆرافات شی بکرێتەوە و باس لە کاریگەریی خراپی ئەم بیرۆکانە لە ژیانی خەڵکی کۆمەڵگادا بکرێ و توێژی لاوی لێ ئاگادار بکرێتەوە.
لە کۆتاییشدا بەم پێیە کە دایکان و کچانی لاو زۆرتر تووشی ئەم حاڵەتانە دەبنەوە، کاربەدەستانی پێوەندیدار لە ناوەندە فەرهەنگییەکان دەتوانن بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە و بانگهێشت کردنی پسپۆڕانی دەروونناسی یان ڕاوێژکارانی بنەماڵە باس لە مەسەلەی خۆرافات و دەرەنجامە خراپەکانی ئەم دیاردەیە لە ژیانی خەڵکدا بکەن و لەم بوارەدا زانیاریی پێویست بە بنەماڵەکان بە تایبەت ژنان بدەن کە زیاتر دەبن بە قوربانیی ئەم بۆچوونە ئاڕاستانە و پێویستە لەم بوارەدا فەرهەنگسازیان بۆ بکرێ، تا بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی خۆافات و خۆرافیگەری لەنێو کۆمەڵگادا وشک بکەن و لە جێگای ئەوە ئاستی زانست و تێ گەیشتنی کۆمەڵگا بەرز بکەنەوە.

# بەبۆنەی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا



**عەلی / لەیلاخ**

**تامی هەناریشتان تاڵ..کرد**

**ئێوە سەر بە تەریقەتی تەقینەوەن !**

**لێتان ناوەشێتەوە ڕێز لە خەرامانی پەپوولەو، خۆرپەی دڵی چۆلەکە بگرن**

**.**

**هەتا دێ، لە ناختان دا گەنیوی زاوزێ دەکا و، چنار ، چنار سێبەری فێنکاییتان دادەڕزێ !**

**هێند سەرقاڵن بە سانسۆر وساتۆر....**

**ساتێک نەبوو ڕاماوی ماچی دوو قومری بن !**

**هێندە تاریکایی سواری دڵتان بووە،**

**جارێک،**

**سەرنجتان نەداوە، لە جەستەی ژنانەی نوور و، بزەی کەنیشکانەی ڕەنگی سێوێکی سوور..**
**...........**

**گڕتان لە ناخی گۆرانی بەردا و،**

**لە سێڕییانی سنەوبەر و، سوێس**

**نە و سمۆرە**

**تەفەنگ و داس و داوتان ، نووسی !**
**فامی ئەوەتان نەکرد،**

**بۆ جارێکیش بۆ تێپەرب**

**وونی ڕەوە ئاسکەکانی پێدەشتی ژیان ببن بە "پرد"**



سوبحان الله!!

لە سەبووری ئێمەمانان و، سەرەڕۆیی
سەردەمی سەرەتان و سەرەگێژە
.........
ئێمە بە مێهرەبانی هەناسەکانی مەولەوی و،
بەسۆزی غەزەلّی نالی،،،

چەند نەرمی وجوانیمان بۆ ژیان و ئینسان
نواند !!

ئێوە خەنجەرتان بە کۆبوونەوەی کۆترانەی
ئێمە پێشکەش کرد و،

قەپ و قیژەتان لە سەر شانوملی داڕماوی
دەروونی ئێمە بەجێهێشت!
.........

لە یەکەم دووگیانبوونی کانیاوەکان،
بە شاهیدی دایە پیرەی سیروان و، شکۆی
بەسالاّچووی شاهۆ !!

فوو لە چرای شەونم
ی مالّی گیاخاوەکان و،

هەڵتیقانی مراوی و سۆنەی سوکنایی
ئێمەتان خنکاند.

دڵخۆشییەک هەبوو بە درێژایی شەوی چلە
بۆ چرێنی گۆرانی ئەفسووس و خواردنی
دەنکە هەناری حەسرەت !

کاول بێ مالّی بە قورگیراوی چارەنووس
تامی هەناریشتان تالّ کرد
چیتان بە خێلّی خەرامان کوژراوەکان
نەکرد... ؟!

ئەوە هاتوو لە تاریکایی ، کازیوەتان
تەقاندەوە،

گڕتان لە باخی هەستی ئێمە بەردا
خۆ دەستان بە زریوەی ئەستێرەی هیوامان
ڕاناگا،،،نااا،،نا

# چۆنیەتی سەرهەڵدانی وەرزش لە ئاستی جیهاندا



نووسین:ڕەحیم ئەحمەدی

وەرزشی ژنان لە هەموو بوارە وەرزشییەکاندا، تێکڕای کێبڕکێ پیشەیی و ئاماتۆڕەکان لە خۆ دەگرێت. بەشداریی ژنان لە وەرزشدا وردە وردە لە سەدەی بیستەمی زایینییەوە، بەتایبەت لە کۆتای ئەو سەدەیەدا دەستی پێکرد. ئەم پەرەئەستاندنە لە ژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی هات کە پێداگریی لەسەر یەکسانیی ڕەگەزایەتی دەکرد. هەڵبەت ڕادەی ئەو بەشدارییە وەرزشییە لە هەر بوارێکی وەرزشی و لە هەر وڵاتێکدا جواداوازە: وەرزشی ژنان لە هێندێک لە بوارەکاندا لە بەشێک وڵاتاندا سنووردارە و هێندێک لە بوارە وەرزشییەکانی وەکو تێنیس و بالە بەلای ئەوانەوە لە پیاوان زیاتر لایەنگری هەیە.

دیارە کە سەرنجی زانست لەسەر وەرزش، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی گەشەی وەرزش. ئێستاد، گەشەی وەرزش، بنەماییترین بابەتی بەرباسی دیاردەی وەرزشە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە، دەتوانین بۆ گەشە و پەرەپێدانی وەرزشی خانمان، وێڕای ڕەخساندنی تەندروستی و جووڵەی بەستێنە وەرزشییەکان، کەلکە زانستییەکانی وەرزشیش لە بوارە جیاجیاکانی پەروەردەی وەرزشیدا لەبەرچاو بگرین. دەبێ کەشی پێویست بۆ سەرهەڵدان و گەشەی کەلتووریی زانستی وەرزشی لە چوارچێوەی ژیانی ژناندا پێک بێنین، بە شێوەیەک کە وەرزش ببێتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانیان و وردە وردە خووی پێ بگرن.

ژنان لە حاڵەتێکدا هان دەدرێن بەرەو کەلتووری زانستیی وەرزش کە ژیانیان بە شێوەیەکی بناغەیی لە وەرزشدا پێ بگات.

پەرەگرتنی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی وەرزش و چالاکیە وەرزشییەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێویستیی زیاتری بە تێکەڵکردنی زانیارییە زانستی و وەرزشییەکان هەیە. کونفرانسی ‹‹ژن و زانستە وەرزشییەکان›› کە ساڵی ١٩٨٥ی زایینی لە کولێرادۆ بەڕێوە چوو، هەر بە مەبەستی دابینکردنی ئەم پێداویستییە گەڵاڵە کرابوو. لەو کۆنفڕانسەدا، زانستە وەرزشییەکانی وەکو، بیۆمیکانیک، فیزیۆلۆژی و دەروونناسی و بوارە پێوەندیدارەکانی دیکەی، وەکو خواردن، خەسارەکان، کاردانەوەی عادەی مانگانە و بەساڵداچوون کەوا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر چالاکییەکانی ژن هەیە بە سەرنجێکی تایبەتەوە لێک درانەوە. بابەتە ورووژێنراوەکانی نێو ئەو کۆنفڕانسە، لە چوارچێوەیەکی هونەرمەندانەدا، زانیارییە زانستی و وەرزشییەکانیان خستە بەردەستی پسپۆڕانی تەندروستی و پزیشکی، ڕاهێنەران، وەرزشکاران، یاریدەدەری ڕاهێنەرەکان و سەرلەبەری هۆگرانی سلامەتی و تەندروستیی ژنان کە لە چالاکییە جەستەیی و وەرزشییەکاندا بەشدارییان دەکرد.

ئاگادارین لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، ئاڵوگۆڕێکی ڕاستەقینە لە وەرزشی ژناندا پێک هاتووە. سەرنجدان بە وەرزش بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی بزووتنەوەی ژنان و، ئەمەش دوورەدەراوێکی نوێی لە بواری تێکۆشانی مرۆڤدا ڕەخساندووە. دەتوانین پێگەی ئێستا و، ئەگەری گرفتی وەرزشی ژنان، ڕێک وەکو هەموو دیاردەیەکی بیۆلۆژیکیی دیکە بێنینە بەرچاومان. پێشکەوتنی وەرزشی ژنان بەخێرایی بەدی دێ و، ئێستا لە سەراوژووریی ڕەوتەکەی خۆیدایە. کەچی وەرزشی پیاوان لەسەر لووتکەی هەڵەمووتەکەیە و، پێشکەوتنیان بە ئارامی دەستەبەر دەبێ.

هاندانە کۆمەڵایەتییەکان و بەرنامە پشتیوانیکەرە شیاوەکان، جۆراوجۆریی خەڵاتە ڕۆحی ـ دەروونی و مادییەکان، چۆنایەتی و چەندایەتیی بەشداری ژنان و، بە گشتی چۆنایەتیی وەرزشی ژنانی بەرەوپێشەوە بردووە. لەوانەیە لە ڕوانگەی ڕاهێنەرێکی وەرزشییەوە پاڵنەر، سەرنجڕاکێشترین و ئاڵۆزگارترین بابەت بێت لە دەروونناسیی وەرزشیی ئێستادا. ئێمە زۆرمان زانیاریی زانستی لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەوا لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا

جوداوازییە دەروونناسانەکان زۆرن. بەشێک لە جوداوازییە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕوونی دیارن و لە ئاکامدا لە شێواز و ئاکاری دەروونناسانەدا بە دیار دەکەون. بۆ نموونە، هووروو‌ژان و سۆز لە ژناندا ئاشکراترە، فرمێسکڕشتن بەلای ژنانەوە ئاکارێکی پەسندە، بەڵام بەلای پیاوانەوە وا نییە. جوداوازییەکی دیکە، ڕەنگە لەوەڕا بێت کە پیاوان چەندین ساڵە لەگەڵ وەرزشدا سەروکاریان هەبووە، ڕۆڵیان بەلای ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە پەسندکراو و ناسراوە، لە کاتێکدا کە ڕۆڵی ژنان هێشتا لە قۆناغی گواستنەوەدایە. بەشێک لە تۆژەران پێیان وایە، کە پێداویستییەکانی ژنان و پیاوان لە ڕوانگەی ئاکاری سەرکەوتووانەشەوە هەر جودایە. بەڵگەی لەسەر هێنراوەتەوە کە ژنان، زیاتر بۆ ئەوە کار دەکەن تا بکەونە بەرچاو و پەسند بکرێن و، کەمتر بایەخ بە لێهاتوویی دەدەن وەکو سەرێتیی کارکردن؛ کەواتە ڕاهێنەر پێویستە کەشێکی دۆستانە، گەرموگوڕ، ئەرێن و کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و تیپی ژنان دابین بکات. هەربۆیە ئەرکی ڕاهێنەر بەدیهێنانی بەرزترین پاڵنەرە بۆ باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی کاری وەرزشی. ڕاهێنەران پێویستە پتر پێوەندییە مرۆڤییەکان بەکار بێنن، بەتایبەت لەمەڕ وەرزشکارانی ژنەوە. لەم مۆدێلەدا، ڕاهێنەر وەکو باغەوانێک کار دەکات. ئەو یارمەتیی وەرزشکاران دەدات تاکو لەو وەرزشەدا سەرکەوتوو بن کە هۆگرن پێیەوە.

بۆ بەدیهێنانی پاڵنەر لە ناخی وەرزشکاراندا پێویستە وەرزشکاران بناسرێن، دەبێ ڕووبەر و چێوەی وەرزش کۆنترۆڵ بکرێت، دەبێ وەرزشکاران هان بدرێن کە بە شیوەیەکی ئەرێنی دان بە خۆیاندا بگرن، دەبێ وەرزشکاران لە بڕیارەکاندا بەشدار بن، دەبێ ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی کە ئامانجەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن و پێوستە مۆدێلی ئیلهامدەر بخرێتە بەردەستی وەرزشکارانەوە. بە کورتی، سەرەڕای ئەو پێشنیارانەی کەوا لەسەرەوە باس کران، سەرکەوتنی ڕاهێنەری وەرزشکارانی ژن، پێوەندییەکی زۆری بە شارەزایی و لێهاتوویی ڕاهێنەرەکەوە هەیە لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان پاڵنەری وەرزشکارەکاندا و، پێویستە تۆژینەوەی زیاتر بکرێت لە بواری چۆنییەتی بەکارهێنانی دەستکەوتە لێکۆڵینەوەییەکان و توانایییە داهێنەرانەکانی ڕاهێنەران لە بەدیهێنانی پاڵنەر لە وەرزشکاراند. لە سەردەمی پاش شۆڕشی پیشەسازیدا کە لە سۆنگەی ڕۆنسانس و ئاڵوگۆڕە زانستی و کەلتوورییەکانەوە، ڕێچکەیەکی نوێ لە بارودۆخی سیاسی و زانستیی دنیادا بەدیار کەوت، ناکرێ باس لە ڕێکەوتێکی دروست لەمەڕ بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگەی وەرزشیدا بکەین؛ بەڵام ئەوەی کە دیارە، ئەو مافانەیە کەوا کۆمەڵگەکان بۆ ژنانیان لەبەرچاو گرتووە و،



ئەو پاڵنەرانەی کەوا لەسەر بنچی ئەو چەشنە ڕوانگەیە، بۆ ژنانیان داناوە، ئەمانە خۆیان درەنگ و زوویی بەشداربوونی ژنان لە کۆمەڵگەی وەرزشیدا دیاری دەکەن؛ لەبەر ئەوەی بەشداریی ژنان، خۆی پێویستی بە بەشداریی ئەوان هەبووە لە کاروباری ئابووری و سیاسیدا. بەشداریی ژنان لە وەرزشدا، هاوکۆک لەگەڵ شەڕی گەشەسەندن و، وەک دەڵێن، ئەو سەربەخۆییەی کەوا لە پاش شەڕی جەهانی کەوتەوە، بەرفرەوانتر بووە؛ لە تاوتوێی مێژووی ئۆلەمپیادەکاندا، لە سەدەی ١٩ـەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر ڕاست لە ساڵی ١٩٠٠ـدا، لە ئۆلەمپیادی پاریسدا، هەژماری ژنانی بەشداربوو ٦ کەس بوو، لە ئۆلەمپیادی ساڵی ١٩١٤ـدا، هیچ ژنێک بەشدار نەبوو، دواتریش لە ساڵی ١٩٢٤ـدا، لە پاریس، بەشداربووانی ژن ١٣٦ کەس بوون، ئەم ژمارانە نیشانەی بەرەو زیدەچوونی بەشداریی ژنانە و ئەوەی کە ژنان خۆیان بۆ بەشداری لە ئۆلەمپیادەکاندا خەباتی شێلگیریان کردووە، ساڵی ١٩٠٠ ئیزن بە ژنان درا کەوا لە دوو ڕشتەی گۆڵف و تێنیس›دا بەشداری بکەن و دوو پلەی سەرکەوتنیشیان مسۆگەر کرد. ژنان نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤیان پێک هێناوە و لە زۆر لایەنەوە گرینگایەتیی خۆیان هەیە و پێویستە لە بەرنامە و پلانە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا لەبەرچاو بگیرێن. یەکێک لەو بابەتانەی کەوا بۆ ژنان لە ئارادایە، وەرزشە. ئێستا، لە ئاستی دنیا ژنانێکی زۆر سەرقاڵی وەرزشن. دەستەیەکیان وەرزشکاری پیشەیین و دەستەیەکیشیان وەرزشکاری ئاماتۆرن؛ دەستەیەکیان وەرزشی سووک دەکەن و هێندێکیشیان وەرزشە قورس و توندوتیژەکانیش دەکەن؛ دەستەیەکیان هەوڵ دەدەن بۆ بە دەستهێنانی پلە و پاڵەوانەتیی وەرزشی و بەشێکیشیان هەر بۆ پاراستنی ساغی و ڕێکوپێکیی لەش و لاریان وەرزش دەکەن. بەشی هەرە زۆری ژنانیش لەگەڵ وەرزش و دنیای وەرزشکاران نامۆ و تەنانەت لێشی بێزارن.
ئێستا پێویستە بزانین کاری کامیان دروستترە و لە بەرژەوەندیی خۆیان نێزیکترە. لە کۆمەڵگە کەون و کەوناراکاندا، بە توندی ژنان لە وەرزش و تەنانەت دیتنی ڕێوڕەسمە وەرزشییەکانیش دوور دەخرانەوە، بەڵام سەرەنجام ڕێگەیان بۆ کرایەوە و توانیان بێنە نێو وەرزش و کێبڕکێ وەرزشییەکانەوە. لە کتێبی ژن و وەرزش›دا (لل ١٨ و ١٩) هاتووە کە: ‹‹تەنانەت لە ڕێوڕەسم و داب و نەریتە تایبەتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا، کە تاکو پێش وەڕێکەوتنی ئۆلەمپیاد لە یۆنانی کەونارا بەڕێوە دەچوون و، دواتر لە ئۆلەمپیادی کەونارادا بە مەبەستی ڕاهێنانی جەستە و ڕۆحی مێرمنداڵان ڕێک خرابوون و هەر چوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەچوون، ژنان مافی بەشداری و دیتنی ئەو ڕێوڕەسمانەیان نەبوو. ئەو قەدەغەکارییە، هێندە توند بوو، ئەگەر ژنێک ڕێسا و قانوونەکەی وەژێرپێ بخستایە و بچووبایەتە سەیری کێبڕکێکان، حوکمی لەسێدارەدرانی بۆ دەبڕایەوە: یەکەم ژن کە نەریتی پیاوسالاریی لە بەستێنی وەرزش و کێبڕکێ مەیدانییەکاندا شکاند، ژنێک بوو بە ناوی ‹›هیپووهریا››، کە بە هەوڵ و ماندووبوونێکی تایبەت، توانی سەرەنجام ڕێگە بۆ بەشداریی ژنان لە بەستێن و مەیدانە وەرزشییەکانی یۆناندا بکاتەوە. زۆری پێ نەچوو کە ژنان توانیان لەژێر ناوی ‹›هریا››دا، بۆ یەکەم جار، کێبڕکێی وەرزشی لەبەرچاوی پیاوان بەڕیوەبەرن و ببنە پاڵەوانی ململانێ وەرزشییەکان.››
وەرزشی ژنان تێکرای ڕکەبەرییە پیشەیی و ئاماتۆڕەکان لە سەرلەبەری ڕشتە وەرزشییەکاندا دەگرێتەوە. بەشداری ژنان لە وەرزشدا، بەرە بەرە لە سەدەی بیستەمی زاینییەوە، بەتایبەت لە کۆتایی سەدەکەدا ڕووی لە زیادبوون کرد. ئەو پەرەسەندنە لە سۆنگەی کارتێکەریی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوو، کەوا پێداگریی لەسەر یەکسانیی ڕەگەزایەتی دەکرد. هەڵبەت ڕادەی ئەو بەشدارییە بەپێی هەر ڕشتەیەکی وەرزشی و بارودۆخی هەر وڵاتێک جودایە: وەرزشی ژنان لە هێندێک ڕشتەدا، لە بەشێک لە وڵاتاندا سنووردارە، یان ئەوەی کە هێندێک لە ڕشتەکانی وەکو تێنیس و بالە، بەلای ئەوانەوە لە پیاوان زیاتر لایەنگری هەیە.

خاتوو هەوار پێمان خۆشە لە زمان خۆتانەوە بناسرێن، تکایە کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی خۆتان بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان باس بکەن

من هەواری خزرزادە، لە دایکبووی ١٣٦٤ی هەتاویم و لە شاری مەهاباد لە دایک بووم.
لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستم بە خوێندنەوەی ئەدەبی کوردیی و نووسینی شێعر کردووە و یەکەم هەنگاوەکانم لەو بوارەدا لە ئەنجوومەنی ئەدەبیی شاری مەهاباد کە دیارە مەکۆی گرد و کۆبوونەوەی هەموو ئەو هەست و بۆن و بەرامانەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان رەنگی کوردبوونیان پێیەوە دیارە و لە هەموویان گرینگتر ئەدەبی کوردییە، دەست پێکردووە . لە ٢٠١٠ یەکەم کتێبی شێعرم لە ژێر ناو ونیشانی « غەمە چەتراوییەکانی باغچەیەک هەنار و کچێنی» دوای ساڵێک چاوەڕوانی و سڕینەوە زیاتر لە هەشت پەڕی بە هۆی سانسۆر لە دەزگای چاپی «همایش دانش» لە شاری تاران چاپ و بڵاو بووە. لە بەهاری ٢٠١٢ لەشاری سنەی خۆشەویست « غەمە چەتراوییەکانی باغچەیەک هەنار و کچێنی» براوەی یەکەمین خەڵاتی ئەدەبی مەولەوی کورد بوو وێڕای سێ کتێبی چاپکراوی تر لە شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کتێبە شێعری « غەمە چەتراوییەکانی باغچەیەک هەنار و کچێنی» لە لایەن ماموٚستا «موحتەرەم محەممەد» وەگێڕی بە توانا لە ژێر ناو و نیشانی « الهموم المخیمە» بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەتەوەو لە ژێر چاپ دایە. هاوکات لەگەل خوێندنەوە و نووسینی شێعر سەرقاڵی لایەنی پشتگوێ خراوەی ئەدەبی کوردی واتا ئەدەبی زارەکی و بەتایبەت بەیت و باوی ناوچە بووم هەر ئەوە بوو بە هۆکار کە دەرگارەی هەمیشە کراوەی ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەو هەنبانە پڕ لە جوانیی و هێما و بوونایەتی نەتەوەی کورد بدۆزمەوە و پێنج ساڵ لە ژیانی خۆم تەنیا لەگەڵ ئەو ئەدەبە پڕ لە هەستە، پێبکەنم و بگریێم و شاد بم و تێڕابمێنم و بەرهەمی ئەو پێنج ساڵەش کتێبی « بەیت و باوی ناوچەی موکریان» بوو کە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن « ئنستیتیوی کەلەپووری کورد» لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاو کراوە و دەتوانێ جگە لە وەی خزمەتێک بێت بە کتێبخانەی ئەدەبی فۆلکلۆر لە هەمانکاتدا بە هۆی ڕێکخستنی موسیقایی و نووسینەوەی نۆتەکان خزمەتێکیش بێت بە مۆسیقای کوردی. ماوەی سێ ساڵان بەڕێوبەرایەتی ئەنجوومەن ئەدەبی مهابادم هاویار لەگەل دوو هاوڕێی تر لە سەر شان بووە و دیارە لەم ناوەندەدا کۆمەڵێک کار و چالاکی بەرچاو کراوە وەک دانانی پێشانگای کلتووری و کۆڕ و کۆبوونەوی ئەدەبی و فستیواڵ و سیمینار و گۆڤار کە هەر کام لەمانە ئەرک و بەرپرسیارەتییەک بوون کە بە شانازی و بە خۆشحاڵییەوە تێپەڕاندووە. ئەوە بەشێکی کورت بوو لەو کارو چالاکییانەی لە رۆژهەلات ئەنجامم داوە ودیارە ماوەی سێ ساڵێش لە باشووری کوردستان هەڵگری کۆمەڵێک ئەزموون و تاقیکردنەوەی ئەدەبی و نووسین و هاوکاری لەگەڵ گۆڤار ورۆژنامە و ڕێکخراوە و ڕادیۆ و کاناڵگەلێک بوون کە بێگومان بۆ من رەوتێکی پڕ لە ئەزموون



بوون. کۆمەڵێک بەرهەمی تریشە کە بە هۆی چاپ نەبوونیان باشتر وایە لێرەدا باسیان لێنەکرێت.

٢.وەک یەکەم پرسیار ئایا ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا چەندە خاوەندارێتی لە شێعر و ئەدەب دەکەن بە هەردووک زمانەوە؟

ئەدەب، ژانرێکە سەر بە کۆمەڵگایە؛ ئەدەب، ژانێکە سەر بە نەتەوەی خۆیەتی و هێمایەکە لە بوون و مانەوەی ئەو نەتەوەیە. ئەوەیکە ئێمە بەین و باس لەوە بکەین کە ئایا خاوەندارێتی ئەدەبی کورد لە لایەن ژنان یان پیاوانەوە تا چ ئاستێکە بەلای منەوە بەستنەوەی ئەو پانتا بەرفراوانەی ئەدەب و وێژەیە بە لایەنێکی دیاریکراو و غەدرێکە لە خۆی ئەدەبیات دەکرێت. ئەدەب خاوەنەکەی هەر هەموو کۆمەڵگایە تەنانەت ئەوەی ناشیخوێنێتەوە. کاتێک کە شاعیرێک یان نووسەرێک بەرهەمێک دادەهێنێ و ئاراستەی کۆمەڵگای دەکات چیتر مافی بەسەر داهێنراو و بەرهەمەکەی خۆیەوە نییە و ئەوە لە ڕاستیدا کۆمەڵگایە کە دەبێتە خاوەنی ئەو بەرهەمە، بە ژن و بە پیاوەوە. بەڵام ئەگەر بێتوو لە ڕوانینێکی ترەوە لەم پرسیارە بروانیین واتا لە بواری داهێنانەوە بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە و بە تایبەتی ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکە تا سەر ئێسقان لەلایەن پیاوەوە داهێنراوە بە دەگمەن ژنان لە مێژووی ئەدەبی کوردی دەبینرێن کە خاوەنی بەرهەم بووبن ئەوەش هۆکارەکەی تەنیا کەمتەرخەمی ژنان نەبووە بەڵکوو دەسەڵاتەکانی زاڵ بە سەر نەتەوەی کورد و جۆگرافیای هەڵکەوتەی کورد و پەروەردە پاوانخواز و سەقەتی دەسەڵاتە زاڵەکان و داب و نەریت و کلتوور و بەتایبەت ئایین کە ژنی بە هەموو حاڵەتەکانی لە بوونایەتی بوونی خۆی ئەستاندووە و ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەسێکی نوێیە کە تازە بە تازە خەریکە هەست دەکات ،دەبێت بیر بکاتەوە، بجوولێت و بدوێت و چاو لێبکات و تێبفکرێت و خاوەنی هۆشیاری و قەناعەتی خۆی بێت ئێمە تازە بە تازە خەریکە دەگەینە بە سەرەتای کارەساتێک لە کۆمەڵگایەک دەقات کارەساتتر لە خۆمان، گەمارۆدراو بە ئایینی پیاو، بە کلتووری پیاو و چوارچێوە و سنوورێک کە هەموو ژیان و بیر و ئەندێشە وهەڵسووکەوتی داگیر کردووە تا ئەو ئاستەی کە تەنانەت خۆیشی هەستی پێناکات؛ تا ئەو ئاستەی کە خۆیشی بووتە بەشێک لەو دەمارگرژی و چەقبەستوویەی لە ناو کلتووری ئێمە دا ڕەگی داکوتاوە. دابڕان لەم قۆناغە پێویستی بە درووستبوونی پرسیاری گەورەیە کە پەیوەستە بە هەل، بە مەعریفە و ناسین و هۆشیاری و زۆر شتی تر و لە هەمانکاتدا بەشداری ژنان و خاوەندارێتی کردنی ئەدەب لە لایەن ژنانەوە ئەو رەوتە درێژخایەنە دەخوازێ و بنەماڵەش بەشێکی تری باسەکەیە کە دیارە ئێرە جێگای نییە. پێشتر هەبوون ژنانێک کە بە زمانی پیاوانە دەستیان بۆ قەلەم بردووە و بە هەست و نەستێکی پیاوانە بگرە شێعری دڵداریشیان نووسیوە و رەوتی لاساییکردنەوەیان پێوە دیار بووە و پیاوانە بیریان کردۆتە؛دیارە لێرەدا مەبەست لە پیاوانە ئەو هاوتا نێرینەیەی واتا «ئەنیموس» نییە بەڵکوو ئەو نەستی گشتییە کە هێندە زاڵە بە سەر زمان و کرداردا کە پیاوانە دێتە دواندن، ئەوە شتێک نییە کە رەفز بکرێتەوە بەڵکوو بە پێچەوانە بە خۆشحاڵییەوە ڕەوتێکە کە ئیتر تێپەر بووە و دەبوایە تێپەڕبووبا. بۆیە ئێستا دەبێندرێ کۆمەڵێک ژنی چالاک لەم بوارەدا خەریکی ئەزموون و جڕباندنی ڕەوتی نوێی نووسینن؛ هەر هەموویان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای خوێندنەوەو خوێندنەوە و نووسین، خاوەنی فۆرم و زمان و ناوەڕۆکی نووسینی تایبەت بە خۆیان بن تاکوو لەم ڕێگایەوە خۆیان پێبگەیێنن و لەهەمانکاتیشدا خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی و کتێبخانەی کوردی بکەن و بە خۆشحاڵییەوە ئەو حاڵەتی لاسایی و پەیرەوکردنی نووسینی پیاوان لە ناو ژنان دا، بە تەواوی خەریکە دەبڕێتەوە و بەرەو کۆتا دەچێت. بە دڵنیاییەوە ژنان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ئینکاری ئازادی نووسینی خۆیان نەکەن لە سەر ئەو قەناعەتەی بگەن بە ئاستی ئەدەبێک کە بە ئەدەبی پیاوانە پێناس دەکرێ و ئیرادەی گشتی کۆمەڵگا ڕای بەڵێی پێداوە و وەک ڕۆسۆ دەڵێت ئازادی جەوهەری مرۆڤە و ئازادی وەک فاکتەری سەرەکی مرۆڤبوون، لە نووسینی ژناندا وەک ژنێکی مرۆڤئاسا، ئێستا خاوەن کاراکتەری سەرەکی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر ئەکاراکترە لە ناو کۆمەڵگادا بە سانایی وەرنەگیرێت .

٣_ئایا لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان ژنان تا

چەندە خاوەنی دەنگن؟ ئایا لەلایەن پیاوانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ یان دەبنە بەربەستیان؟

ئێستا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان چەندین خاتوونی قەلەم ڕەنگین و خاوەن بەرهەم دەبیندرێ کە کە ئەوە ژنانە بۆ گەیشتن بەو قۆناغە تێچوونی زۆریان داوە دەکرێ زۆربەیان لە لایەن کۆمەڵگا یان بنەماڵەوە ڕێگریان بووبن و تەنانەت سەرەڕای وەی بە هێند وەرنەگیرابێن بەڵکو سنووریشان بۆ دیاری کرابێت و ئیزنی دەربڕینی زۆر واتا و مەفهوم و دەستەواژەیان پێنەدرابێت و بە ناچارییەوە بە خۆسانسۆڕییەوە بێنە نووسین؛ لە هەمووان گرینگتر لە ئێران بە هۆی دەسەلاتی زاڵ زۆر ناوەرۆکی نووسین وەک دەربڕینی هەستی نەتەوەایەتی بەرەوڕووی بەربەست دەبێتەوە ناتوانرێت ڕاشکاوانە ئەو هەستە بڕازێنرێتەوە و بتوانێ خزمەت بە ئەدەبی بەرگری بکات کاتێک ژنێک پێنووس بە دەستەوە دەگرێ بۆ نووسینەوەی خۆی، بەرەوڕووی هەر هەموو بەربەستانە دەبێتەوە سەرەڕای ئەوە کەم کەس لە ژنان هەبوون کە بەرهەمە چاپکراوەکانیان بە هۆی وشە و ناوەڕۆک و... سانسۆر نەکرابن بۆ وێنە کاتێک کتێبێک بۆ چاپ دادەنێی جگە لەوەیکە ساڵ یان بگرە دووساڵ دەخایێنێ تا ئیزنی وەشانی پێبدرێ لە هەمانکاتدا ئەو ئیزنە وێڕای مەرجە و بەناچارییەوە ئەبێ یان پەژیوان ببیەوە لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە یان ئەبێ مل بدەی بەو مەرجەی ئەوان دایانناوە یان دەست هەڵبگرە لەو بەشەی بەرەوڕووی مەرجەکە بۆتەوە. هەر چەن بە ڕاستی پێم خۆش نییە حاڵەتەکە وا هەست پێ بکرێت کە هێرش دەکرێتە سەر پیاو بەڵام بەداخەوە لایەنێکی تری باسەکە ئەوەیە کە کاتێک پیاوانی ڕۆشنبیری ئێمە لانیکەم ئەو پیاوانەی وەک نووسەر یان شاعیر یان ڕەخنەگر لە ئەنجوومەنەکان بەشدار دەبێت زۆر بە دەگمەن هەیە کە یارمەتیدەر بن بۆ چاکسازی ئەو بارودۆخە. بێگومان ئەو حاڵەتانە بۆ ژنێک بگرە بۆ پیاوێکیش کە بە موتالعەی بەرفراوان و پێویستی ئەدەب بەگشتی، هەنگاو دەنێتەوە بۆ نووسین نابنە بەربەست و بگرە زیاتر هاندەرن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای باشتر بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا مەکۆی باسکردن لە ئەدەب بە گشتی و ئەدەبی کوردیی بەتایبەتییە و زۆربەی نووسەرانی ئێمە لەو شوێنەوە سەریان هەڵداوە و ئێستا خوێندنەوە بۆ بەرهەمەکانیان دەکرێت و دەتوانم بڵێم بەرهەمەکانیان ئەگەر



شان لە شانی ئەدیبە گەورەکانی جیهان نەدات کەمتر نییە لە ئەوانیش. بۆیە ئەبێت هەوڵ بدرێت ئەو دەرەتانە تەنیا نەبێتە شوێنێک بۆ دەربڕینی ئەدەب بە قەڵەمی پیاوان. جوانی ئەو مەکۆیە بە هاویاری و هاوکاری دووبەشی تەواوکەری کۆمەڵگا واتا ژن و پیاوە و بە خۆشحاڵییەوە ئێستا تا ڕادەیەک هەست دەکرێت ئەو حاڵەتە کەمتر بۆتەوە و ژنانیش لە بواری نووسین دا خاوەنی دەنگی تایبەت بە خۆیانن، هەر چەن کاتێکی زۆر بخایێنێ کە ئەو دەنگە لە لایەن بگرە ڕۆشنبیرانی پیاوی ئێمەشەوە وەربگیرێت. وسەرەرای ئەوە ژنان هەوڵ دەدەن چالاکانە لە بەرێوەبردنی فستیواڵ و سمینار و کۆڕە شێعرییەکان بەشدار بن و لە هەمانکاتدا وەک بەرپرسی ئەنجوومەنەکان خاوەن ڕان و بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆیە.

٤. هەروەک باستان لەو بەرهەمەی خۆتان کرد کە چەند ساڵ لە هەوڵی نووسینەوەی «بەیت و حەیران» دابوون و کتێبێکیشتان لێ چاپ کردوە، ئایا ئەوە لەلایەن کۆمەڵگەوە پێشوازی لێکرا کە خاتوونێکی لاو لە هەوڵی زیندوو کردنەوەی فلکلۆری کۆنی کوردی دایە؟

دیارە پێشتر ئاماژەم بەوەی دا کە ماوەی چوار ساڵێ بەردەوام زۆربەی چالاکی و کاتم چر کردبووە بۆ گەڕان و هەڵبژاردن و گوێگرتن و نووسینەوەی بەیتە فۆلکلۆرییەکان و ئەوە لەگەڵ وەیکە بۆ من لە سەرەتادا زۆر ئەستەم بوو و لە زۆربەی وشەو دەستەواژەکان تێنەدەگەیشتم بەڵام بابی خۆشەویستم بە دڵێکی ئاوەدانەوە زۆربەی کاتەکان هاوڕێم بوو و جێی خۆیەتی لێرەوە سپاسی سەبر و ئارامی بابم بکەم و ئەو رووحە گەورەی ماچ بکەم، ئەو کاتانە بۆ من بێنەهایەت چێژبەخش بوون و هاوڕێ بوون لەگەڵ کۆمەڵێک بەسەرهاتی زۆر شیرین و بێنەهایەت ئەزموونی هەستەکی و زمانی کە بێئەوەی من هەست بکەم هێدی هێدی خۆی خستە ناوە زمانی نووسینی شێعرییمەوە جهیانی فۆلکلۆر پڕییەتی لە جوانکاری خورسک و نوێ. فۆلکلۆر ئەو بوونە ئێستاتیکاییەیە کە نموود و هێمای بۆنزایی هەر وڵات و نەتەوەییەک دەردەخات. دنیای فۆلکلۆر بە جۆرێک پەیوەستی نەستی کۆیی کۆمەڵگایە لە ڕەوتی مێژوودا، کە دابڕان لێی، قڕتاندنی سەردەمێکی مێژووییە لە ڕێکەوتی شارستانییەتی و بەرەو شارستانییەت چوون و بەهەند زانینی، خوێندنەوەی ڕەوتی ئەو بەشارستانییەت بوونە و نووسینەوەی سەرلەنوێی مێژوویە.

زۆر بەداخەوە فۆلکلۆر ئەو شتەی کە لە لایەن سەدا هەفتای خەڵکی ئێمە نەک هیچ گرینگی نییە بەڵکوو فەرامۆش کراوە نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە بەڵکوو زۆرتر لەو ڕێژەیە بە هۆی زمانی زاڵ کە زمانی فارسییە و خوێندن بەو زمانە و بە ڕۆژانە هەڵسوکەوت کردن بەو زمانە، زمانی کوردیان تەواو وەپەراوێز خستبێ و لە چەن وشەیەکی ڕۆژانە بە ڕاوێژێکی تەواو فارسیانە زمانی کوردی بەکار ناهێنن ئەوە کارەساتێکە لە ڕۆژهەڵات بەرەوڕووی زمانی کوردی بۆتەوە ئەوە شەڕێکی نەرمە کە لە لایەن دەسەڵاتی داسەپاوی ئێرانەوە بە مەبەستی سڕینەوە زمان و ئەدەب و کلتووری کورد، ساڵانێکە دەستی پێکردووە و هەموو ڕێگایەک تاقی دەکاتەوە و لە هەموو کەرەسەیەک کەلک وەردەگرێت بۆ گەیشتن بەم مەبەستە. کە بەداخەوە بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای ئێمە بە هۆی سەرقاڵی بە ژیان کەوتوونەتە بەر ئەو تەوژمە و بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکە ئاسمیلە دەبن ئەوە شتێکی تازە نییە و لە هەر چوار پارچە کوردستان هەموو کاتێک و ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەو هەڕەشەیە بەرەوڕووی زمانی کوردی دەبێتەوە. بەڵام بە بەراوەرد لەگەڵ هەموو تەقەلاکانی کۆماری داسەپاوی ئێران، ئەو پلانە سەرکەوتوو نەبووە و هاوکات بە ڕۆژانە کتێبی کوردی چاپ دەبێ و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکرێت. هەر لەم دواییانەشدا یەکێ لە ڕۆمانە سەرکەوتووەکانی ئەدەبی جیهان لە نووسەری بەناوبانگی ئامریکایی «ویلیام فاکنێر» لە ژێر ناوی « هەراو تووڕەیی» لە لایەن وەرگێڕی بە توانا» محەممەد ڕەمەزانی « کراوەتە سەر زمانی کوردی بوونی ئەو کتێبەو دەیان کتێبی تری لەم چەشنە، لە کتێبخانەی کوردی سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو زمانە خاوەنی کۆمەڵێک پرەنسیپ و توانایە کە هیچ چەشنە هەڕەشەیەک ناتوانێ بەر بە پێشکەوتنی بگیرێت. بە ئاوڕدانەوە لە فۆلکلۆر جگە لەوەی لایەنێکی بەهێزی ئەدەبی کوردی پەرەی پێدەدرێ بگرە دەتوانرێت هەڵێکی بەرچاو و بەوزە بێت بۆ دۆزینەوەی ئەو چەمەوازییەی زمان کە پێویستە

بۆ نووسینەوەی زانستەکانی سەردەمیش. ئەو کتێبە لەگەڵوەیکە دەلاقەیەکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەهەمان چەشنیش دنیایەک لە موسیقای فۆلکلۆری کوردی دەدات بە دەست خوێنەر و بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری گۆرانیبێژانی سەردەم و ژەنیاریان لێی بێبەشن بۆیە وەک خۆم پێشنیار دەکەم بە هەر کەسێک کە مەبەستی هاتنە ناو دنیای نووسین و گۆرانی و موسیقایە بەشێک لە کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەوە و گوێگرتن لە فۆلکلۆر ، چون بە ڕاستی ئەو هونەرەی بە بەکگراوندی فۆلکلۆرەوە دێتە داهێنان پڕە لە وزەی شاراو، کە جیهانی جوانی ناسانە لە بەرهەمی بەدیهاتوو و داهێنراو زۆر بەرفراوانتر دەکات.

٥ وەک دوایین پرسیار، چ هەستێک دەبێتە هۆی ئەوە تۆ بتوانی شێعر بڵێی؟ حەز دەکەم لەو بارەیەوە هەستی خۆتان بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان باس بکەن.

بەڕای من شێعر ، قەڵبەزەی پڕ لە خووڕەی چاوە فێرە ڕامانەکانە. شێعر ، مەنزڵگەیەکە بۆ جیهانی واتاکان. شێعر ، تەفسیری ڕووحێکی سەرکێش و یاغییە لە قاڵبی جەستەیەکی سڕک و بێتوانا. شێعر تژییە لە جیهانی ئەو وشانەی دووگیانن بە سەرهەڵدان و سەربەستی و ئازادی. شێعر بەلای منەوە بیرکێشەکیی ئەوپەڕێ ژیانە لە نێوانیی وشەکان و ڕستەکان و دێڕەکاندا جێ خۆش دەکات و ئازادانە دەخزێنە ناو وێنەکان . شێعر بۆ من ژیانێکە پڕ لە رووداوی شیرین و غەم هێنەر کە بە وشە دەبزوێندرێت.

خاتوو هەوار گەلێک سپاس بۆ وڵامدانەوەتان



شێرپەنجە بە گەشەکردنی نایاسایی خانەکانی لەش دەگوترێ.شێرپەنجە زیاتر لە سەد جۆری جیاوازی هەیە کە هەموو بەشەکانی لەش ئەگەری توشبوونیان هەیە. هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە یەک سیفەتی وەک یەکیان هەیە ئەویش بریتیە لەو خانانەی کە تووشی شێرپەنجە دەبێت،کۆنترۆڵیان لە دەست دەدەن.کاتێک خانەی شێرپەنجەیی دابەش دەبن، تۆپەڵە دروست دەکەن پێیان دەوترێت ئاوسان یاخود گرێ. ئەم ئاوسانانە کاریگەریان هەیە لەسەر کارەگرنگەکانی لەش. بۆ نموونە شێرپەنجەی سیەکان کاردەکەنە سەر هەناسەدان، یاخود شێرپەنجەی گەدە کاردەکاتە سەر هەرسکردنی خۆراک.

جگە لەمەش خانەی شێرپەنجەیی دەتوانن بڵا ببنەوە لە جێگایەکی لەش بۆ یەکەی تر، ئا بەم شێوەیە ئاوسانی تر دروست دەبێت. بەڵام هەموو جۆرێکی شێرپەنجە بەربڵاو نین، ئەوانەی توانای بڵاو بوونەوەیان هەیە زۆر مەترسیدارن.

باشترین چەک دژی شێرپەنجە بریتیە لە دەستنیشان کردنی شێرپەنجە لە قۆناغی زوویی پێش ئەوەی زۆر گەشە بکات. پشکنینی پێشینەی ناو بەناوە لە لایەن پزیشکەوە یارمەتی زوو دەستینشان کردنی شێرپەنجەی دەدات. ئەوانەی زوو دەستنیشان دەکرێن ئەوا دەتوانن بژین.

ڕێگایەکەی دڵنیا نیە بۆ خۆپاراستن، بەڵام هەندێک شت هەن ئەگەر ئەنجام بدرێت ئەوا مەترسی ڕوودانی شێرپەنجە کەم دەکەنەوە؛ پسپۆران لەسەر ئەم باوەرن کە دەرسەدێکی زۆر لە شێر پەنجەکان بە هۆی هۆکارگەلێکی زۆر سادە پێک دێت کە هەمووی ئێمە ڕۆژانە زۆر ئاسایی ب بێ هیچ سرنجێک لێیان رەت دەبین. هەڵامەت،خواردن وخەوی بێ بەرنامە،خواردنی چەوری،کەڵک وەرگرتن لە موادی شیمیایی وەک رەنگ لە پرچ دان، ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن مەترسی تووشبوونیان بە شێرپەنجەی سییەکان ٢٠ جار زیاترە وەک لەو کەسەی کە جگەرە ناکێشێت. دانیشتنی بەردەوام،ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارانەن کە ڕێگە خۆش کەرن، بۆ توشبوون بە شێرپەنجە .؛ خۆراکی دەوڵەمەند لە چەوری تێر و گۆشتی سوور کەم بکرێتەوە، مەترسی ڕوودانی شێرپەنجە کەم دەکاتەوە.

زۆربەی شێرپەنجەکانی پێست بە هۆی زۆر بەرکەوتن بە تیشکی خۆرەوە دروست دەبن. بۆیە خۆپاراستن لە بەرکەوتن لە تیشکی خۆر کە دەبێتەهۆی سووتانی خۆری، ئەوا مەترسی ڕوودانی شێرپەنجەی پێست کەم دەکاتەوە. باوترین شێرپەنجە لە ژنان دا شێرپەنجەی مەمکە.ئەم شێرپەنجەیە سەرەکیترین هۆی لە دەست دانی ژیانە لە ژنانی تەمەن ٢٠ تا ٥٠ ساڵ ئەم نەخۆشیە ئەگەر زوو پێ بزاندرێ ،بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت،بەلام زۆرجار بە هۆی کەمتەرخەمی لە بیر دەچێت و کاتێک پێ دەزاندرێ کە زۆر درەنگە.

ئەگەری توشبوون بە شێرپەنجە لە ژنانی قەڵەودا زیاترە.

پسپۆڕانی بواری تەندروستی بەردەوام هۆشداری لەسەر مەترسییەکانی قەڵەوی و کێشی زیادە بڵاودەکەنەوە, لەو چوارچێوەیەشدا هۆشدارییان داوە لەوەی کە ژنانی قەڵەو زیاتر دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە دەبنەوە.

دیاری کردن و دەست نیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک کاری یەک پسپۆڕ نییە بەڵکو کاری کۆمەڵێک پسپۆڕە وەک(پسپۆڕی تیشک و سۆنۆگرافی مەمک, پسپۆڕی نەشتەرگەری مەمک ,پسپۆری نەخۆشیزانی , پسپۆڕی جوانکاری , پسپۆڕی دەروونی )

– ئەو ژنانەی کەلەتەمەنێکی پیرتردا یەکەم منداڵیان دەبێت ئەگەری تووشبوونیان بە

شێرپەنجەی مەمک زیاترە.هەروەها ئەوژنانەی کە منداڵیان نابێت ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک زیاترە

ئەوکچانەی یەکەم سوڕی مانگانەیان پێش تەمەنی ١٢ ساڵ دەست پێدەکات ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک زیاترە

ئەو ژنانەی کە وەرزش ناکەن ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک زیاترە بە بەراورد بەو ژنانەی کە وەرزش دەکەن. بوونی ئەم هۆکارانە مانای ئەوەنییە کە ئەو ژنە بە مسۆگەری تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن, بەڵام ئەگەری تووشبوونیان لە ژنانی تر زیاترە کە ئەم هۆکارانەیان نییە . لەوانەیە ژن هەبێت ئەم هۆکارانەشی تیایە و هەرگیز تووشی شێرپەنجەی مەمک نابێت .

هەموو ژنێک لەدوای تەمەنی ٤٠ ساڵی پێویستە هەموو ساڵێک جارێک مەمۆگرام بکات بۆ دڵنیایی.هەروەها ئەو ژنانەی تەمەنیان لە ٤٠ ساڵ کەمترە بەڵام هۆکارێک یا زیاتر لە هۆکارەکانی تووشببونیان هەیە ئەوا پێویستە مەمۆگرامیان بۆ بکرێت.چارەسەری شێرپەنجەی مەمک بەگوێرەی قۆناغی شێرپەنجەکەو جۆرەکەی دەگۆڕێت . هەندێک جۆری شێرپەنجە دەتواندرێت بە نەشتەرگەری لاببردرێت. هەندێکی تریان پێویستیان بە چارەسەری کیمیایی و تیشکی هەیە، زۆر بەداخەوە ئەم چارەسەریانە دەبنە هۆی تێکشکاندنی خانەی تەندروستیش نەک تەنها خانەی شێرپەنجەیی.

مەرج نییە کە جۆرێک چارەسەر بۆ کەسێک باشبێت ئیتر بۆ کەسێکی تریش باش بێت , واتە جۆری چارەسەرەکە بەگوێرەی جۆری شێرپەنجەکە دەگۆڕێت.هەندێک جار بە نەشتەرگەری و هەندێک جاریش بە دەرمان و چارەسەری کیمیایی و تیشکی هۆرمۆنی، هەوڵی چارەسەری نە خۆشیەکە دەدرێت.لەوانەیە کەسی تووش بوو یەکێک یان زیاتر لەو چارەسەرانەی بۆ بکرێت.



# پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ نوامبر

پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ نوامبر رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان"

تووندوتیژی دژ بەژنان دیاریدەیەکی جیهانییەو تایبەت نیە بە وڵات و کلتوورو ئاییینێک بەڵکو هەموو جیهان دەگرێتەوە ،بۆیە بنبرکردنی پێویستی بەخەباتێکی جیهانییە، خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێی رەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانوویە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشە و توندووتیژی، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بە نەزم و دیسپلینێکی تازە و خستنەگەری تواناکانی خۆمانە. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٧ ئۆکتۆبری سالی ١٩٩٩ رۆژی ٢٥ ی نوامبری هەموو سالێکی وەک رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد، بەهۆی کوژرانی خوشکانی میرابال کە خوازیاری یەکسانی رەگەزی لە کۆمەڵگادا بوون.ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە تووندووتیژی تایبەت بە وڵاتێک یا ناوچەیەک نیە، بەگشتی لە ئاستی جیهاندا تووندووتیژی زۆرە بەتایبەت بەرامبەر بە ژنان ،لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان و بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە تا ئێستاش ئایین و کلتوور دەوری سەرەکی دەگێرن لە هەموو پەیوەندیەکانی مرۆڤ دا تووندووتیژی بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە ئەمەش بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ ژن وەک بوونەوەرێکی لاواز و بێ دەسەڵات ژیاوەو هەر ئەوەش وای کردووە کە لەمەترسی توندووتیژی دابێت. پیاوانیش بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە خاوەن دەسەڵات و هێز بوون چ لەنێو ماڵ و چ لەدەرەوە هەموو هێزو دەسەڵاتێکیان هەبووە، هەروەها ئاینیش ئەو هێز ودەسەڵاتەی بۆ پتەو کردوون ، بەو هۆیەوە جۆرێک کلتوور دروست بووە کە بە ئاسانی ناتوانرێ لەکۆمەڵگا لاببرێت ئەویش کلتوورو فەرهەنگی پیاوسالارییە کە ژن بە لاواز و کەم هێز چاو لێ دەکات. لە سەرتاسەری جیهان و لە رادەی جۆراوجۆردا ئەم دیاریدە دژە ئینسانییە چ بەشێوەی لێدان و سوکایەتی پێکردن ودەست درێژی جنسی و باقی جۆرەکانی تووندوتیژی جەستەیی خۆی دەردەخات وئاسەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر رۆح و رەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی تووندووتیژی لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان هەر لەمنداڵیەوە دەست پێدەکات لەهەر زەمەنێکدا بەسەرنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لە نێو کۆمەڵگادا دەگۆردرێ وپێناسەی فرە چەشن لەخۆ دەگرێ. تووندووتیژی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی تایبەتمەندی خۆی هەیە ،ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی دیکە کلتوورو هێندێک داب ونەریتی تووندووتیژی بەدژی ژنان پەرەیان پێدەدرێ ،لە کۆمەڵگای ئێران دا ئەوە سیستمی دەسەڵاتدارێتی زۆرترین تووندووتیژی دژی هەمووتاکەکان و بەتایبەت ژنان بەکاردەهێنێ ، بەئاشکرا لەیاساکانی کۆماری ئیسلامیدا مافی ژن پێشێل کراوەو وەک کەسێکی پلە دوو چاو لێدەکرێت. سەنگسار کردنی ژن و حیجابی زۆرەملێ نەبوونی مافی جیابوونەوە و زۆر شتی دیکە لە پێناسە سەرەکیەکانی دژە ژنبوونی کۆماری ئیسلامییە ، هەربۆیە دەوڵەت و یاسا رۆلی سەرەکی دەگێرن لە پەرەپێدانی تووندووتیژی چونکە بەرەسمی و بە یاسا تووندووتیژی لە کۆمەڵگادا نەهادینە کراوە ، ئەمەش بۆتە رێگرێکی گەورە لەبەردەم خەبات دژی توندووتیژی .بۆیە سیستمی دەسەڵاتدارێتی و یاسا دەوری گرنگیان هەیە لە هەر کۆمەڵگایەک بۆ بەجێ هێشتنی فەرهەنگ و کلتووری نوێ . بەداخەوە لە ئێران نە سیستمی دەسەڵاتدارێتی و نە یاسا هیچ کامیان لەخزمەت بردنەسەرەوەی ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگادا نین، بەڵکو یاساکانی کۆماری ئیسلامی پر لە هەڵاواردنن دژی ژنان و بە ئاشکرا مافەکانی تاک بەگشتی و ژنان بەتایبەتی تێیدا پێشێل کراوە . رۆژانە لە ئێران بەبەرچاوی خەڵکەوە لاوان ئێعدام دەکرێن ،سووکایەتی بەژنانی بێ حیجاب دەکرێت ،هەموو ئازادیە تاکەکەسیەکان زەوت کراون ، میدیاو راگەیەنراوەکانیش لەخزمەت بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتداران دان ،ئەمەش وادەکات چ سیستمی پەروەردە چ میدیا چ یاساو

کلتوور هەموو بەرهەمهێنەری تووندوتیژی بن و بەردەوام دووبارە بکرێنەوە.

بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی تاک بەگشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی ئەرکی هەموو رێکخراو و NCO کانە کە لەو راستایەدا کار بکەن بۆ نەمانی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی رەگەزی وهێنانەدی یەکسانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی دا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش لە مێژ ساڵە خەبات دەکات دژی هەرجۆرە توندوتیژیەک دژ بەژنان، لەم پێوەندییەدا هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو دیاریدەیەی داوەو لە هەمانکاتدا هەمیشە لەپێناو وشیار کردنەوەی ژنان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لە چالاکی جۆراوجۆردا خزمەتی کردووە . بەڵام ئەوە بەس نیە کە هەر رێکخراوەکانی سینفی ژنان هەوڵ بدەن بۆ نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزیی لە کۆمەڵگادا، بەڵکوو ئەرکی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگایە بە ژن و پیاوی یەکسانیخوازەوە کە بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازیەک هەوڵ بدەن و بە خەباتی بەردەوام کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەر پێک بێنن .

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو ژن و پیاوانەی کە لە پێناو دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکساندا گیانیان بەخت کردوە.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی دەخوازین بۆ خەباتی بەردەوامی ژنان بۆ دەستەبەر کردنی هەموو ماف و ئازدیەکاندا.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

٢٢ نوامبری ٢٠١٦ زایینی